گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue5 2024
ID No. 1694 (PP 15-41)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.2

توێژینەوە

# ئیکۆفێمینیزم لە دەقەشیعرییەکانی ''قوبادی جەلیزادە''دا
# دیوانی ''باخچەکانی مەلەکە تاووس''بە نموونە

ابراهیم محمد ابراهیم/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین- ڕانیە هەرێمی کوردستان- عێراق
بارزان علی پیرۆت / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین -ڕانیە هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (ئیکۆفێمینیزم لە دەقەشیعرییەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا دیوانی "باخچەکانی مەلەکە تاووس" بە نموونە) بە ئەنجامگەیەندراوە. ئەم تیۆرە لە پەیوەندی و هاوئاهەنگی ژن و سروشت دەدوێت و ئامانجی پاراستنی ژینگە و کۆتاییهێنانە بە چەوساندنەوەی ژن. پێیوایە کولتوری پیاوسالاری هۆکاری سەرەکی چەوسانەوەی ژن و وێرانکاریی ژینگەی سروشتییە. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: دەرخستنی دید و ڕوانگە ئیکۆفێمینیزمییەکانی شاعیرە، کە لە دووتوێی دەقە شیعرییەکانی ئەم دیوانەدا لەبارەی پرسی چەوسانەوەی ژن و نابوتکردنی سروشت بەیانیکردوون. میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: تیۆری ڕەخنەی ئیکۆفێمینیزمییە، کە سودمان لە چەمک و تێڕوانینەکانی ئەم تیۆرە بۆ شیکاری دەقەکان وەرگرتووە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بریتین لە: ئاوێتەکردنی ژن و سروشت بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، چ لە ڕووی شەقڵ و سیفەتی هاوبەشی نێوانیان، وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنان و بژێوی ژیانی مرۆڤایەتی. ژن وەک هەوێن و چارەسەر بۆ قەیرانی ژینگە و مرۆیی دەبینێت. پرسی ململانێی ژن لەگەڵ کولتوری پیاوسالاری لای شاعیر دیار و بەرچاوە و بەرگری لە مافەکانی ژن دەکات. جۆری پەیوەندی پیاوسالاری لەگەڵ ژن و سروشتدا، بە هۆکاری سەرەکیی نەهامەتییەکان وێنا دەکات.

CORRESPONDENCE
ابراهیم محمد ابراهیم
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/18
پەسندکردن 2024/04/16
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئیکۆفێمینیزم،
فێمینیزم،
ئیکۆلۆژی،
کولتوری پیاوسالاری،
شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

پرسی چەوسانەوەی ژن و وێرانکارییەکانی ژینگە، لەم چەند دەیەی دواییدا، ئاراستە و بزوتنەوە جیاوازەکانی فێمینیزم لەلایەک و ژینگەپارێزان و ئیکۆلۆژیستەکان لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئەوە کۆکردەوە، کە کولتوری پیاوسالاری و دەسەڵاتی ڕەگەزی پیاو، پاڵپشت بە نۆرم و بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سەرمایەداری، پنتی بە ئامانجگرتنی ژن و ژینگەی سروشتی لەپێناو خواست و ئارەزووەکانی خۆی، چەوسانەوەی ژن و لەناوبردنی سروشت پەرەپێدەدات. لەم ڕوانگەیەوە لە هەوڵێکی هاوبەشدا توانرا بۆ ڕێگریکردن لە دەستدرێژییەکانی پیاو بۆ سەر ژن و سروشت، تیۆرێک بەناوی ئیکۆفێمینیزم بێتەکایەوە، کە هاوتەریب کار لەسەر پرسی چەوسانەوەی ژن و قەیرانەکانی ژینگە دەکات. ئەمەش بە ئامانجی گۆڕینی ئەو نۆرم و بەها کولتورییە باڵادەستانەی، لە کۆمەڵگەدا بە کەم تەماشای سروشت و ژن دەکەن. ئەم ڕوانگە هاوبەشەی ئیکۆفێمینیزمەکان کۆی کایەکانی کۆمەڵگەی بە ئەدەبیاتیشەوە گرتەوە و، شاعیر و نووسەران بەدەرنەبوون لەو تەوژمە، لە پاڵ بابەت و خەمە گرنگەکانی مرۆڤایەتیدا، پرسی چەوسانەوەی ژن و وێرانکاری ژینگەیی پرسێکی گرنگ و هەنووکەیی بوو لە دەقەکانیاندا.

لە بابەت پرسی ئیکۆفێمینیزم لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەهۆی ئەو تێکەڵاوی و جیهانگیرییەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەسەر ئاستی کایە زانستی و مەعریفی و ئەدەبییەکان، لە نێوان نەتەوەکان لە ئارادایە، لە ئەدەبی کوردیشدا پرسێکی دیار و بەرچاوە، بە جۆرێک شاعیرانی کورد وەکو شاعیرانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، توانیویانە قسە لەسەر پرسە مرۆیی و ژینگەییەکانی ڕۆژ بکەن. لەم نێوەندەدا "قوبادی جەلیزادە" لەو شاعیرە هاوچەرخانەیە، پرس و کێشە هەنووکەییەکانی پەیوەست بە ژیاری مرۆڤ و ژینگە، لە پرسە دیار و بەرچاوەکانی نێوەڕۆکی شیعرەکانییەتی، بەتایبەت لەم دیوانەدا، کە وەک نمونەی لێکۆڵینەوە کاری لەسەر کراوە. لە ڕوانگەی گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ئیکۆفێمینیزم لە دەقەشیعرییەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا دیوانی "باخچەکانی مەلەکە تاووس" بە نموونە) بە ئەنجامگەیەنراوە، چونکە قوباد هەم وەک شاعیر و هەمیش وەك تاکێک لە ئاست پرسی چەوسانەوەی ژن و قەیرانەکانی ئیکۆلۆژی دیدگای تایبەتی خۆی هەیە و لە ڕێگەی دەقەکانییەوە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پرسی جێندەری و ژینگەیی، لای تاک پەرەپێدەدات و ڕەخنە ئاراستەی ئەو نۆرم و بەها کولتوریيانە دەکات، کە ژن و سروشت وەکیەک بە ئامانج دەگرێت. هاوکات خواستی شەڕانگێزی پیاو بە وردییەوە پیشاندەدات و وەك دیاردەیەکی ناباو بە ماف و ڕەوایەتییەکانی مرۆڤدۆستی و ژندۆستی، ڕەخنەی لێدەگرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** تازەیی تیۆری ڕەخنەی ئیکۆفێمینیزم لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تا ئێستا لای لێنەکراوەتەوە. خستنەڕووی بنەما و ڕانانە تیۆری و پاشان پراکتیزەکردنی لەسەر دەقی ئەدەبی کوردی، گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە.

**دووەم:** قوبادی جەلیزادە، وەک شاعیرێکی هاوچەرخ لە هیچ گۆشەیەکی ئیکۆفێمینیزمییەوە لا لە شیعرەکانی نەکراوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەقە شیعرییەکانی دیوانی "باخچەکانی مەلەکە تاووس"، باس و خواسی زۆر هەڵدەگرن. یەکێک لەو باس و خواسانە هەبوونی زەمینە و پەیوەندیی ژن و ژینگەییە پەیوەست بە چەوسانەوە و وێرانکردنی سروشت، بەهۆی کولتوری پیاوسالارییەوە، کە وایکرد لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ئیکۆفێمینیزمەوە کاریان لەسەر بکەین.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی لە تیۆری ڕەخنەی ئیکۆفێمینیزم کراوە، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە چەمک و بنەماکانی ئەم تیۆرە، دەقە شیعرییەکان شیکارکراون.

### ١. دەروازەیەکی تیۆری لە بارەی ئیکۆفێمینیزم:

#### ١.١/ زاراوە و چەمکی ئیکۆفێمینیزم:

ئیکۆفێمینیزم یەکێکە لە لقە گرنگەکانی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی، کە ئامانجی پاراستنی ژن و ژینگەی سروشتییە، جەخت لەسەر کارلێک و پەیوەندی نێوان ئەم دووانە دەکاتەوە. ئەم زاراوەیە (ecofeminism) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئینگلیزییە و لە نێوەندی توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەیەکی نوێیە. بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی (١٩٧٤) لەلایەن فێمینیستێکی فەڕەنسی بەناوی (فرانسوا دی ئۆبۆن- Françoise d'Obonne)[i] لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (فێمینیزم یان مەرگ- Le Féminisme ou la Mort) بەکارهێنراوە (پارساپور، ١٣٩٧: ٣٤). ئەو توانی لە گرنگیدان بە توانا و هێزی ژنان ئەم زاراوەیە بەکاربهێنێت، ئەمەش بۆ ئاماژەدان بە دەسەڵاتی ژن، وەک بزوێنەری شۆڕشی ئیکۆلۆژی، لەپێناو ڕزگارکردنی ژن و سروشت لە ژێردەستی کولتوری پیاوسالاریدا. ئەم زاراوەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە دوو وشەی (eco) و (feminism) پێکهاتووە. کە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە دروستبووە، "زاراوەی (eco) کورتکراوەی وشەی (ecology)یە، کە لە وشەی (Oikos)ی گریکییەوە وەرگیراوە، بەواتایی (ماڵ) یاخود دانیشتوانی ماڵ دێت. خودی زاراوەی ئیکۆلۆژی زاراوەیەکی نوێ نییە، بەڵکو لە ساڵی (١٨٦٦) لەلایەن زانا و فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەرنست هیگڵ)ـەوە بەکارهێنراوە" (جواری، ١٣٩٧: ١٢٩). هەرچی زاراوەی (feminism)یشە، زاراوەیەکی فەڕەنسییە و لە زمانی گریکی وەرگیراوە. "لە دوو وشە پێکهاتووە (Femin) لە ڕەگی وشەی لاتینی (femina)وە هاتووە، کە بە واتای ژن دێت. (ism) پاشگرێکە، لە پاشگری (ismós) گریکییەوە وەرگیراوە، کە ناوی پێش خۆی دەکاتە کردار، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ باوەڕ، پراکتیک، یاخود جیهانبینی. یەکەم بەکارهێنانی تۆمارکراوی وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ساڵی (١٨٥١) دەگەڕێتەوە، کە بە مانای "دۆخی ژنانەبوون" بەکارهاتووە. بەڵام پێشتر لە ساڵی (١٨٣٧)دا، فەیلەسوف و سۆشیالیستی یۆتۆپیایی فەڕەنسی (چارڵز فۆریێ- Charles Fourier) وشەی "فێمینیزم"ی بەکارهێناوە، کە بە مانای داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان دێت" (Potter, 2017: 1). بە لێکدانی هەریەک لە زاراوەکانی (eco) و (feminism) زاراوەیەکی نوێ بە ناوی (ecofeminism) دەرکەوتووە. کە لە زمانەکانی (ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی، ...هتد)دا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێت. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (اکوفمینیسم) بەکاردێت، کە هەمان بەکارهێنانی ئینگلیزییەکەیە. لە زمانی عەرەبیشدا (النسوية البيئية، النسوية الإيكولوجية) لەبەرانبەر (ecofeminism) بەکاردەهێنرێت. سەبارەت بە زمانی کوردی هەریەک لە زاراوەکانی (ئیکۆفێمینیزم یاخود فێمینیزمی ژینگەیی) بەکاردێت، کە بەبێ دەستکاری لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە. ئێمە لێرەدا زاراوەی (ئیکۆفێمینیزم) بەکاردەهێنین، چونکە پێمانوایە ئەم زاراوەیە زیادتر لە نێوەندی ڕەخنەیی و ئەکادیمی جیهانی و کوردیدا چەسپاوە.

لە بابەت چەمکی ئیکۆفێمینیزمەوە، وەک چەمکێکی نوێ لە نێو بواری زانستەمرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ کراوە. بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەک بدەین، کە هەریەک لە چەمکەکانی ئیکۆلۆژی و فێمینیزم، کە سەرچاوەی هاتنەکایەی ئیکۆفێمینیزمن، چەمکی فراوان و پڕ کێشەن، کە ناتوانرێت بە ئاسانی پێناسە بکرێن. چونکە بازنەی هەریەک لەم دوو چەمکە تێکەڵاوی چەندین بواری دیکەی، وەک (ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی و کولتوری، ...هتد) دەبێت. ئەمەش وایکردووە، تێگەیشتن لەم چەمکانە ئاڵۆز بێت. سەرەڕای ئەوە تێکەڵکردنی ئەم دوو بوارە (ئیکۆلۆژی و فێمینیزم) هێنانەکایەی چەمکێکی نوێ، بە ناوی (ئیکۆفێمینیزم) کارەکەی ئەوەندی دیکە قورستر کردووە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت "فراوانبوونی بازنەی چەمکی فێمینیزم و ئیکۆلۆژی و تێکەڵبوونیان لە شێوەی ئیکۆفیمینیزمدا بووەتە هۆی ئەوەی، کە چەمکی ئاماژەپێکراو بارێکی ماناداری فراوانی هەبێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش چەندین دیدگای جیاواز لە شێوەی تیۆری ئیکۆفێمینیزمدا پێشنیاز کراون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بۆیە پێناسەکردنی چەمکەکە لە شێوەی چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئەرکێکی قورسە" (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٤٧). ئەمەش بەو مانایە نییە پێناسە و وردبوونەوە و شرۆڤەی واتایی بۆ ئەم چەمکە مەحاڵ بێت. بەڵکو ئیکۆفێمینیزم بریتییە لە دەرکەوتەی دووانەیی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و سروشت لە یەك پاکێجدا.

ئیکۆفێمینیزم وەک چەمکێکی فەلسەفەی ژینگەیی، لێکۆڵینەوە لە مۆڕاڵی ژینگەیی فێمینیزمی دەکات و لە ڕووی تیۆرییەوە تیشک دەخاتەسەر، چەوساندنەوەی ژن و وێرانکارییەکانی سروشت و پێکەوەیان گرێدەدات. هاوکات بە شێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە "بە

ناساندنی لێکچوونی نێوان ژن و سروشت لەڕووی بەرهەمهێنەری، ئاشتیخوازی و دروستکردنی یەکرێزی، ... هتد، لەگەڵ پیاو و بوونەوەرەکانی دیکە خەریکدەبێت" (رحمانی و مجیدی، ١٣٨٨: ١٤). واتە ئیکۆفێمینیزم ژن، وەک پنتی بەرهەمهێنان و ئاشتی و یەکرێزی بە سروشت دەچوێنێت، چونکە ژن، وەک دایک و سەرچاوەی زاوزێ و بەخێوکەری منداڵ و ڕاگرتنی تەبایی خێزان، هەمان سیفەتی هاوبەشی لەگەڵ سروشت و زەوی دایکدا هەیە. هاوکات (میس و شیڤا) دەڵێن: "ئیکۆفێمینیزم چەمکێکی نوێیە بۆ ژیرییەکی کۆن" (Mies & Shiv, 1993: 45). بەم پێیە لای ئەوان، ئەو ژیرییە کۆنە، گوزارشتە لەو پێوانە کۆمەڵایەتییەی سیستەمی دایکسالاری، کە ژن وەک سەرچاوەی بوون و بەرهەمهێنەری ژیان دەناسێنێت.

هەروەها دەگوترێت ئیکۆفێمینیزم پەیوەندییەکە، لە نێوان فێمینیزمەکان و ژینگەپارێزان، کە دەیەوێت گوزارشتێکی بنەڕەتی لە پەیوەندی نێوان ژن و سروشت بێت و پێیوایە ژن و سروشت پێویستە پێکەوە پەیوەست بن، تا بتوانن ڕۆڵی باڵادەستیی خۆیان لە جیهاندا بگێڕن و پێشکەشی بکەن (رحمانی و مجیدی، ١٣٨٨: ١٤). لەم ڕوانگەیەوە (کارین وارین- Karen J. Warren)[ii] وەک یەکێک لە ئیکۆفێمینیزمەکان لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئیکۆفێمینیزم لە پەیوەندی ژن و سروشت، کە هەردووکیان لەلایەن سیستەمی پیاوسالارییەوە بندەست کراون، دەدوێت" (Warren, 2000: 1). واتە لای ئەو، ئەم چەمکە تیشک دەخاتەسەر یەک سیستەمی هاوبەش، کە ژن و سروشت بە ئامانج دەگرێت، ئەویش خۆی لە سیستەمی پیاوسالایدا دەبینێتەوە. هاوکات دەگوترێت چەمکی ئیکۆفێمینیزم ئاماژەیە بۆ چەترێک، کە چەندین هەڵوێستی جۆراوجۆر دەگرێتەوە و ڕەگ و ڕیشەی لە تیۆری و پراکتیکی فێمینیزمی جیاواز و هەندێکجار ڕکابەریدا هەیە، وەکو فێمینیزمی (لیبراڵ، مارکسیست، ڕادیکاڵ، سۆشیالیستی، ڕەشپێست و فێمینیستە دژە کۆلۆنیالیزمەکان) هەروەها ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە جیاوازەکانە بۆ سروشتی کێشە ژینگەییەکانی هاوچەرخ و چارەسەرەکانیان. بڕوانە: (مدخل إلى النسوية الإيكولوجية: http://maaber.50megs.com/issue_november09/deep_ecology1.htm).

لە ژێر کاریگەری چەمکی ئیکۆفێمینیزمدا، ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی فێمینیزم، وەک بزووتنەوەیەکی ژنسەنتەری پەیوەستن بە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییەکان لە بواری ژینگەپارێزیدا، سروشتێکی گشتیتری بە تیۆری فێمینیزم و بزووتنەوەی ژنان بە هەڵاوێرکردنی پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری بە بوارەکانی دیکە بەخشی، بەتایبەتی ئیکۆلۆژی بە جۆرێک، هەموو مرۆڤایەتی (چ ژن، چ پیاو)ی لە ژێر یەک ڕێبازدا کۆکردووەتەوە. لەم لایەنەوە لە چەمکەکانی، وەک پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، ڕۆڵی ژن لە سروشتدا، ڕۆڵی پیاو لە سروشتدا، ڕۆڵی ڕوانگەی پیاوسالاری لە چەوساندنەوەی ژن و سروشتدا دەکۆڵێتەوە. هەروەها سیستەمی پۆلێنکردنی پلەبەندی لە کولتوری ڕۆژئاوادا لە چوارچێوەی باڵادەستی بەهای پیاوان بەسەر ژنان و سروشتدا ڕەخنەی لێدەگیرێت (*Davies, 1988: 4-6*). بۆیە ئەم چەمکە هەر بانگەشەیەکی سادەی بەیەکەوەگرێدانی ژن و سروشت نەبوو، بەڵکو زۆر بەقوڵی چووەتە نێو چەندین بوار و کایەی جیاوازی پەیوەست بە چەوساندنەوە و ژێردەستەی ژن و سروشت و باڵادەستیی پیاو لە کولتوری ڕۆژئاوادا، لەکۆتاییشدا ڕێگەچارەی ڕزگاری و ئازادی ژن و سروشت لە ژێردەستەی پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری و هەوڵدان بۆ جیهانێکی باشتر بە ئاشتکردنەوەی سروشت و کولتور، مرۆڤ و مرۆڤ دەبەستێتەوە (فتاح، ٢٠٢١: ٩). (لۆیس ئان لۆرێنتزن و هیزەر ئیتۆن) پێیانوایە "ئیکۆفێمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و دیسپلینێکی ئەکادیمییە، کە دیدێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر زاڵبوون بەسەر سروشت و بەکارهێنانی ژن لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە هەیە" (Lorentzen & Eaton, 2002: 1). بەم پێیە ئیکۆفێمینیزم، وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەکادیمییەوە، لە بازنەی بیروبۆچوونی تاکەکەسی دەچێتە دەرەوە، شێوەیەکی ڕێکخراوەیی و زانستی وەردەگرێت. هاوکات ئەم چەمکە سەرنج لەسەر سروشت یان ژینگە چڕدەکاتەوە لە شیکردنەوەکانیدا پەیوەندی نێوان ژن و زەوی بە بناغە دەگرێت، پێیوایە هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ژن و سروشت لە بندەستی و چەوسانەوە، دەبێت بەیەکەوە گرێدراو بێت (فتاح، ٢٠٢١: ١١). واتە پرسی ئازادی ژن و سروشت لە ڕوانگەی ئیکۆفێمینیزمەوە، پرسێکی پێکەوەپەیوەستە، ئازادکردنی یەکێکیان بەبێ ئەوەی دیکە ئامانجە سەرەکییەکە بەدی ناهێنێت. سەرەڕای بوونی بیروبۆچوونی جیاواز و فرەڕەهەند، بەڵام چەمک و فەلسەفەی ئیکۆفێمینیزم بەگشتی جەخت لەسەر ئەم خاڵە سەرەکییانە دەکاتەوە:

"- پەیوەندی ژن لەگەڵ سروشتدا.

- ڕۆڵی ژن لە چارەسەرکردنی کێشە ئیکۆلۆژییەکان" (عنایت و فتح زاده، ١٣٨٨: ٤٧).

"- کەشفکردنی جەوهەری پەیوەندی نێوان چەوسانەوەی ژن و دەسەڵاتی ناڕەوا بەسەر سروشتدا.

- ڕەخنەگرتن لە بۆچوونە پیاوسەنتەرییەکانی فەیلەسوفە گەورەکانی ڕۆژئاوا (گریمانە، چەمک، بانگەشە، جیاکاری، بۆچوون و تیۆر)ەکان دەربارەی ژن و سروشت.

- دروستکردنی ئەڵتەرناتیف و ڕێگەچارە بۆ بۆچوونە پیاوسەنتەرییەکان" (پارساپور، ١٤٠٠: ٣٢). کەواتە ئیکۆفێمینیزم هەوڵی کەشفکردنی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئەزەلییە دەدات، کە لە نێوان ژن و سروشتدا هەیە. دوالیزمی مرۆڤ و سروشت، پیاو و ژن لەبەرچاو دەگرێت. لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات بەرگری لە ژن و سروشت بکات و هەژموونی پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری نادیدە دەگرێت. بۆیە "ئیکۆفێمینیزم، بەرخودانێکە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری- پیاوسالاری، چونکە ئەو سیستەمە ژن لە هەموو خەسڵەتێکی چالاک و بەرهەمدار، بەتاڵ دەکاتەوە" (Mies, 1981: 11). بۆیە لای ئەوان ڕەگ و ڕیشەی نەهامەتییەکانی ژن و سروشت لە هەناوی پیاوسالاری و سەرمایەداریدا خۆی مەڵاسداوە و سەرچاوە دەگرێت. هاوکات ئەمڕۆ ئیکۆفێمینیزم بە لێکۆڵینەوە لە سیستەمە سروشتییەکان دادەنرێت، کە تێیدا تەواوی بوونەوەرانی زیندو بە ناونیشانی پێکهاتەیەک لە ئیکۆسیستەم لەگەڵ یەکدی دادەنێت.

### ٢.١/ ڕوانگە و بنەمای تیۆری ئیکۆفێمینیزم:

لە ڕاستیدا ئیکۆفیمینیزم زیادتر پرۆژەیەکی سیاسییە، مەبەست لێی پێداچوونەوەیە بە پەیوەندی پیاوسالاری لەگەڵ ژن و سروشتدا. بە سەرنجدان بە ڕۆڵ و پێگەی ژن لە سەردەمی ئێستادا و ئاگایی مرۆڤ لە پێویستیی پاراستنی ژینگەدا. لەلایەکی دیکەوە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە لایەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن و کاڵکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا فراوانەی، کار لەسەر چەوسانەوەی ژن و وێرانکاریی ژینگەیی دەکات، چونکە ئیکۆفێمینیزمەکان پێیانوایە "کە ئایدۆلۆژیای سەرکوتکەری نەژادی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو جیهانبینییەی، کە سروشت دەچەوسێنێتەوە یەک جۆر و ڕەگەزن، کە زاڵبوونی ناڕەوا بەسەر ژن و گیانداران و سروشتدا لەخۆدەگرێت" (خوشمردان و مزاری، ١٤٠٠: ١٠). واتە هزری چەوساندنەوەی ژن و لەناوبردنی ژینگەی سروشتی، لە یەک چاوگ و ژێدەری ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سیستەمی سەرمایەداری و کولتوری پیاوسالارییە. خودی کولتوری پیاوسالاریش بەرهەمی نایەکسانیی پەیوەندی پیاو و ژنە لە کۆمەڵگەدا، کە ئیکۆفێمینیزم لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە شێوەی گرتووە. بۆیە "ئەم تیۆرە پشت بەو بنەما بنەڕەتییە دەبەستێت و پێیوایە پیاوسالاری زیانبەخشە بۆ ژن و منداڵ و بوونەوەرە زیندووەکانی دیکە. لەلایەکی دیکەوە ئیکۆفێمینیزم یەکێکە لەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەی، پەیوەندی بە فێمینیزم و ئاشتی و ئیکۆلۆژیاوە هەیە. بەڵام دواتر بووە زەمینەیەک بۆ ناڕەزایەتی فەرمی دژی چەوسانەوەی ژن و لەناوبردن و وێرانکارییەکانی ژینگە" (Mies & Shiv, 1993: 45). لەم لایەنەوە بەرەنگاری هەموو دیاردەیەک دەبێتەوە، کە ئامانجی زاڵبوون بەسەر ژن و سروشتدا بێت. هاوکات جیهانبینینی ئەم تیۆرە چەوسانەوەی ژن و وێرانکاریی ژینگەیی بە تەواوی مرۆڤایەتییەوە نابەستێتەوە، بەڵکو پێیوایە ئەم دیدە، لە حەز و ئارەزووی یەک ڕەگەزەوە، سەرچاوەی گرتووە، کە ڕەگەزی پیاوە، چونکە (ئیکۆفێمینیزمەکان پیاو، وەک بەرجەستەکەری سیفەت و مەبەستەکانی شەڕانگێزی و وێرانکاری دەرحەق بە ژن و ژینگەی سروشتی دەزانن) (پارساپور، ١٣٩٧: ٣٤). بۆیە ئامانجی ئەم ڕەگەزە قۆرخکردنی ژن و سروشتە، بە جۆرێک ژن، وەک سەرچاوەی بەرهەم و خواستە سێکسییەکانی خۆی دەبینێت، وەک چۆن مامەڵەی کێڵان و چاندن لەگەڵ سروشت و زەوی دایکدا دەکات، ئاواش مامەڵە لەگەڵ ژن، وەک سەرچاوەی زاوزێ و بەرهەمهێنەری منداڵ و بوون دەکات. (مید- Mead) لە لێکۆڵینەوە مرۆڤناسییەکەیدا "نیشانی دەدات، من لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پەیوەندی هەماهەنگیم هەیە، بەڵام لە کولتوری پیاوسالاریدا پەیوەندی بەرانبەریی ژن و پیاو بە ئامانجی سەرخستنی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا شێوە دەگرێت، بۆیە لە ڕوانگەی ئەو، ڕەگەز تەنیا دەلالەت لە جیاوازی بایۆلۆژی ژن و پیاو ناکات، بەڵکو ڕەگەز پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە" (خوشمردان و مزاری، ١٤٠٠: ٧). بەم پێیە لای ئەو ڕەگەز لە هزری پیاوسالارییدا، وەک

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی وێنا دەکات و بە فاکتەرێک بۆ زاڵکردنی پیاو بەسەر ژندا دادەنرێت و هەوڵی زەقکردنەوەی دوالیزمی ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا دەدات. کە ئەم دوالیزمە مێژووییەکی قوڵ و دوورمەودای لە هزر و شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەیە.

لەم ڕوانگەیەوە ئیکۆفێمینیزمەکان پێیانوایە، کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەگشتی و هزری ڕۆژئاوایی بەتایبەتی، لەژێر کاریگەری دوالیزمدایە، کە بەردەوام لە بەرانبەر یەکدی دان، لە هەمانکاتدا یەکێک بەبایەختر دەزانن لەوەی دیکە (واتە یەکەم بەسەر دووەمدا دەسەپێنن)، دووەم لە خزمەتی یەکەم دایە، دوالیزمەکان، وەک (پیاو و ژن، ئاسمان و زەوی، ڕوح و جەستە، عەقڵ و هەست وسۆز، کولتور و سروشت) لەم ڕووبەڕووبوونانەوەدا سروشت بەرانبەر کولتوری مرۆڤ دادەنرێت. (جۆن ڕۆدمان- John Rodman) ئەو بەرانبەریەکدانانە بە حوکمی جیاواز ناودەبات، کە تێیدا نرخ و بەهای مرۆڤایەتی بەو شتانە دەناسرێت، کە زۆرترین مەودای لەگەڵ ئەوەی بە سروشت ناسراوە، هەبێت ( Plum wood,1991: 292). بە جۆرێک دوالیزمی کولتور و سروشت، عەقڵانی و هەست و سۆز لەهزری ڕۆژئاواییدا بۆ لێکەوتەی پەیوەندی بەرانبەری پیاو و ژن دەگێڕێتەوە. (کارین وارین) "ئەم دوالیزمە هەرەمییە، وەک چوارچێوەیەکی چەمکی سەرکوتکەرانە وێنا دەکات، کە پلە و پایەی (پیاو) بەسەر (ژن)دا بەرزتر دەنرخێنرێت، ئەو پلە و پایە لە مێژوودا بە (نێر)، (سپی) و (عەقڵانی)، وەک (کولتور) دیاریکراوە. لە بەرانبەردا ئەوەی لە مێژوودا بە (ژن) دراوە، خەسڵەتی (مێ)، (سۆزداری)، (ڕەش)، (سروشت)ـە، بەپێی ئەو بەها دوالیزمانەش نێر یان سپی یاخود عەقڵانی، لە مێ یان ڕەش یاخود سۆزداری باشترە" (Warren, 2000: 46). هەروەها جگە لەمە، دوالیزمی پیاو و ژن پەیامی دیکەی لەگەڵ دایە، ئەویش ئەوەیە، کە کولتور و فەزیلەتی مرۆڤ لەگەڵ پیاوسالاری دایە، ئەوەی، کە سروشتییە لەگەڵ ژندا پێکەوەبەستراوە (پارساپور، ١٤٠٠: ٣٠). بەم پێیە پیاو بە کولتور و ژنیش بە سروشتەوە گرێدراوە. ئەم دوالیزمانە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی لە نێو شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم دوالیزمانە و هاوتەریب دانانیان، وەکو یەک، ئەرکێکی ئاسان نییە، لای ئیکۆفێمینیزمەکان هەوڵ و کۆششێکی زۆری پێویستە، تاکو بتوانن هاوسەنگی لە نێوان دوالیزمەکان بێنەکایەوە، بۆیە دەگوترێت:"دوالیزمەکان ئەوەندە قوڵ ڕۆیشتوون، دەیان ساڵیان پێویستە بۆئەوەی ئیکۆفێمینیزمەکان بتوانن چارەسەری بکەن. هەرچەندە ئەوەی وەک ئامانجی بنەڕەتی ئیکۆفێمینیزم خۆی وێنا دەکات ئەوەیە، کە لەکۆتاییدا ژن و پیاو بەشێکن لە سروشت و کولتور" (Warren, 1987: 59). لەم سۆنگەیەوە (جانێت بێل- Janet Biehl) پێیوایە عەقڵی سەلیمی هیچ فێمینیزمێک بۆ هاوئاهەنگی ژن لەگەڵ سروشتدا، تەواوی کولتور ڕادەستی پیاو ناکات. ئاشکرایە ژن بەشێکە لە کولتور، بە ڕوونی ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کولتورییە، هاوتاکردنی ژنیش لەگەڵ سروشتدا، نەک هەر بە تەواوی لە دەرەوەی کولتور و مێژوو دایاندەنێت، بەڵکو لە خودی مرۆڤایەتی بێبەشیان دەکات. هەرچی (ئۆرتنەر- Ortner)یشە لەم لایەنەوە هۆشداری دەدات، کە تەواوی ئەو ئەندێشەیە، زیادتر لەوەی واقیعیەتی سروشتی بێت، بونیادێکی کولتورییە، بەجۆرێک ژن بەراورد بە پیاو لە سروشت نزیکتر نییە، هەردووکیان هۆشیارییان هەیە و کوشندەن، خوازەی (ژن- سروشت) لە واقیعدا، پێناسەیەکە، کە لەلایەن کولتوری پیاوسالارییەوە بۆ زاڵبوونی زیادتری پیاو بەسەر ژندا سەپێنراوە (Biehl, 1988: 1) بۆیە لە بنەڕەتدا ئیکۆفێمینیزم ڕەخنە لە پۆلێنکردنی سروشت و کولتور دەگرێت "بە جۆرێک جیاکردنەوەی سروشت و کولتور بە مەحاڵ دەزانێت. ئەم هەڵوێستە تایبەتمەندییەکانی ژن بە شیاو دەزانێت، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هۆشیاریی ژینگەیی. بەشێک لە لایەنگرانی ئەم هەڵوێستە بیر لە بەهێزکردنی پەیوەندی تەندروستتر و گونجاوتر لە نێوان مرۆڤەکان (بە تایبەت پیاوان) و ژینگە دەکەنەوە. لە هەمانکاتدا بەرگری لەو بەها و شێوازی ڕەفتارانە دەکەن، کە زیادتر لە ژناندا بەدی دەکرێن تا پیاوان، (هەڵبەتە نەک هەموو ڕەفتارەکانی ژنان)، وەکو ئاشتیخوازی، ئاسودەیی، میهرەبانی و دژە دەسەڵاتخوازی، بەم شێوەیە ئەگەر تایبەتمەندی هاوشێوەی ژن بەدەست بهێنین، لە ئەنجامدا هەمووومان لە گۆی زەویدا ڕۆژگارێکی باشترمان دەبێت" (ڕەحمانی و مجیدی، ١٣٨٨: ١٦). بەمانایەکی دیکە، ئەگەر مرۆڤایەتی بەدیدێکی فێمینیزمەوە بڕوانێتە ژیان و سروشت و ئیکۆسیستەمی گەردوون، ئەوە بەختەوەری و ئاسودەیی لەسەر ئەم هەسارەییە بەرقەرار و جێگیر دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئیکۆفێمینیزم "سوود لە بنەماکانی فێمینیزم و بزوتنەوەی سەوز وەردەگرێت و تێکەڵیان دەکات. لەهەمانکاتدا ئاڵنگارییەک بۆ هەردووکیان دەخاتەڕوو، لە بزووتنەوەی سەوزەوە نیگەرانییەک لە کاریگەری چالاکییەکانی مرۆڤ لەسەر جیهانی

نامرۆیی وەردەگرێت و لە فێمینیزمیشەوە وەک (ڕەگەز) هەڵوێستی مرۆڤایەتی بەدەست دەهێنێت و پێیوایە ژن بەهۆی ژن بوونیەوە چەوسێنراوەتەوە" (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٥٣). چونکە دیدگای ئەم تیۆرە، ئەوەیە، کە نەبزوتنەوەی سەوز دەتوانێت بەبێ ڕەچاوکردنی ژن، نەفێمینیزم دەتوانێت بەبێ ڕەچاوکردنی ژینگە، ئامانجەکانی بپێکێت. لەبەرئەوە هەردوو ئاراستەکە ئاوێتەی یەکتر دەکات، بە مەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانی ژن و پاراستنی ژینگە. ئەمەش لەو لایەنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژن و سروشت بنەما و ڕەهەندی هاوبەش و چوونیەکیان هەیە. (کە لای ئیکۆفێمینیزمەکان بە بنەمای "بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی" دادەنرێت، بۆیە ئەوان پێیانوایە، ژن و سروشت لەسەر بنەمای ئەو دوو ڕەهەندە نزیکایەتی و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. لەسەر ئاستی بایۆلۆژییش تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانی ژن، وەک "منداڵبوون، شیردان، دایکایەتی، بەخێوکەری، ... هتد" وەک سەرچاوەی بوون و بەرهەم، بە تەواوی لە سروشتەوە نزیکە. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا ژن بەهۆی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی، کە لەخێزان دەیگێڕێت، وەک "ئامادەکردنی خواردن، ئاشتی و تەبایی خێزان، ... هتد" لە سروشت نزیک دەبێتەوە) (فتاح، ٢٠٢١: ٣٤- ٣٥). بەم پێیە ژنان بە بەراورد بە پیاوان زیادتر سەروکارییان لەگەڵ سروشتدا هەیە، بۆیە لای ئەوان کێشە و قەیرانەکانی ژینگەی سروشتی زیادتر لە کێشەی ژنان نزیکە دەبێتەوە. ئەمەش دەکرێت، وەک دروشم و مانیفێستی ئیکۆفێمینیزمەکان سەیر بکرێت. هەروەکو (کارین وارین) دەڵێت: "سروشت کێشەیەکی فێمینیزمییە" (Warren,2000: 20). واتە دەکرێت لە ڕێگەی کێشە و قەیرانەکانی ژینگەی سروشتییەوە پەی بە کێشە و چەوسانەوەکانی ژن، وەک ژێردەستەیی و هەژاریی و پێشێلکردنی مافەکانی ببرێت. هاوکات "هۆکاری بەستنەوەی ڕوانگەی فێمینیزم بە چەمکە ئیکۆلۆژییەکان پەیوەستە بە نزیکبوونەوەی تایبەتی فێمینیزم بۆ سروشت و دەرئەنجامی کێشە ژینگەییەکان، کە بەهۆی بەکارهێنانی بێ جیاوازی و بێ پرەنسیپی سروشت و سەرچاوەکانییەوە دروست دەبێت. چونکە فێمینیزمەکان پاساوی جیاوازیان بۆ پشتگیریکردنی ژینگە هەیە، یەکێک لە ئارگۆمێنتە سەرەکییەکانیان ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی ژنان زیادتر لە پیاوان زیانیان پێدەگات، بەهۆی زیانەکانی ژینگە و پیسبوونی سروشت، لە ئەنجامدا پێیانوایە پرسی ژینگە لە بنەڕەتدا پرسێکی جێندەرییە" (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٤٧- ٤٨).

(گریتا گارد- Greta Gaard) لە کتێبی "ئیکۆفێمینیزم، ژن، ئاژەڵ، سروشت"دا، پێیوایە "ئیکۆفێمینیزم تیۆرێکە، کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فێمینیزمەوە پەرەی سەندووە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و چالاکییەکانی (بزووتنەوەکانی ئاشتی، بزووتنەوە کرێکارییەکان، چاودێری تەندروستی ژنان، بزووتنەوەکانی دژە ئەتۆمی و ژینگەیی، ڕزگاری ئاژەڵان) بە سوودوەرگرتن لە تێڕوانینەکانی ئیکۆلۆژی و سۆشیالیزم و فێمینیزم بەگشتی، داوای کۆتاییهێنان بە هەموو ستەمێک دەکات، پێیوایە هەر هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنی ژنان (یان هەر گروپێکی ستەملێکراوی دیکە) بەبێ هەوڵێکی یەکسان بۆ ڕزگارکردنی سروشت سەرکەوتوو نابێت" (Gaard, 1993: 1). بەم پێیە لای ئەو تا کۆتایی بە قەیران و وێرانکاری ژینگە نەهێنرێت، ناتوانرێت خواست و مافەکانی ژن دەستەبەر بکرێت. بەو مانایەی چارەسەری کێشەکانی ژن پەیوەستە بە چارەسەری قەیرانەکانی ژینگەوە. بۆیە ئەولیەتی یەکەم لای ئەو ڕزگارکردنی ژینگەی سروشتییە، دواتر ئازادی و ڕزگاری ژن لەژێر جەوری پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری بەدیدێت. بەڵام "ئیکۆفێمینیزم وەکو بزوتنەوە فێمینیزمەکان، بەدوای یەکسانی ژن و پیاودا ناگەڕێت (کە تەوەرەی سەرەکی فێمینیزمە)، بەڵکو ئامانجی ئیکۆفێمینیزم ئازادی ژنە، بە ناونیشانی ڕەگەزی ژن، ڕیشەی بنەڕەتی ئەو ئازادییەش گوزارشتە لە دیاریکردنی بەهای چالاکییەکانی، کە بە شێوەیەی سەرەکی بە ژنانەوە پەیوەست دەبێت، وەک بەدیهێنانی منداڵ، پەروەردە و فێرکردن و تەواوی چالاکییەکانی دیکە، کە بە چوارچێوەی ماڵ و ژیانەوە دەبەستێتەوە" (رحمانی و مجیدی، ١٣٨٨: ١٤). ئیکۆفێمینیزم بوارێکی هەمەچەشن و پەرەسەندووە، لق و دیدگای جۆراوجۆری هەیە، وەکو ئیکۆفێمینیزمی (کولتوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆحی، لیبراڵی، سۆشیالیستی، دەمارگیری، ...هتد) (Opperman, 2013: 22) ئەمە لە کاتێکدا هیچ پۆلێنکردنێکی یەکلاکەرەوە نییە، بەڵام (ڤاڵ پلۆم وود- Val Plum wood) دوو لقی بنەڕەتی ئیکۆفێمینزم لە ژێر ناونیشانی ئیکۆفێمینیزمی کولتور و کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات. جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەوتە پەیوەندی بە شێوازی تێڕوانینیانەوە هەیە، کە بۆ پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی ژن و سروشت دەگەڕێتەوە. ئیکۆفێمینیزمی کولتوری بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێگایانە دەکات، کە کولتور کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و سروشت هەیە. لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن بیروباوەڕ و نۆڕم و بەها کولتورییەکان ڕۆڵی ژن لە چالاکیی ژینگەیی و هەوڵە

بەردەوامەکانیان لە قاڵب دەدەن. هەرچی ئیکۆفێمینیزمی کۆمەڵایەتییە سەرنج دەخاتەسەر یەکتربڕینی ڕەگەز، چین و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، لە پەیوەندی لەگەڵ پرسە ژینگەییەکاندا، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن ئەزموونی گروپە جیاوازەکانی ژنان، بەتایبەتی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان، پەیوەستن بە تێکچوون و بەکارهێنانی ژینگەکەیانەوە. بڕوانە: (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٤٩-٥٠)، (Biehl, 1988: 1-2)، (پارساپور، ١٤٠٠: ٣٠- ٣١).

بەڵام لە ڕاستیدا ئیکۆفێمینیزمەکان لەسەر پرسی ئەخلاقی چاودێری ژینگەیی کۆکن، کە لەسەر بنەمای کار و پێگەی کۆمەڵایەتی ژن دامەزراوە. بەڵام لە ستراتیژییەکانیان بۆ گۆڕانکاری جیاوازن، وەک چۆن ئیکۆفێمینیزمە لیبڕاڵەکان مەیلیان هەیە لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی حکومەتدا کاربکەن، بۆ گۆڕینی یاساکان لە بەرژەوەندی ژناندا. هەرچی ئیکۆفێمینیزمە سۆشیالیستەکانن سەرنجیان لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ئەو ڕێگایانە بووە، کە هەردوو پیاوسالاری و سەرمایەداری توانیویانە زاڵ بن بەسەر ژن و سروشتدا (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٥١). بەڵام "بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لەسەر بنەمایەکی هاوبەش یەکدەگرنەوە، کە ژن و سروشت لە پەیوەندییەکی پتەودان" (فتاح، ٢٠٢١: ٩)، بۆیە هەر دەستدرێژییەک بەرانبەر سروشت دەستدرێژیکردنە بەرانبەر بە ژن، هەروەکو (جودێس پلانت- Judith plant) لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەستدرێژیکردنە سەر سروشت بە هەموو فۆڕمەکانییەوە دەبێتە میتافۆرێک بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژن" (Allister, 2004: 8). کەواتە دەکرێت بگوترێت: ژن و سروشت پەیوەندییەکی هارمۆنی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، کە لەڕوانگەی ئیکۆفێمینیزمەوە لێکجیاناکرێنەوە، بەڵکو لەحاڵەتێکی داینامیکیدان، کاریگەر و کارتێکردنیان لەسەر یەکتری هەیە، بۆیە هەر هەڕەشەیەک لەسەر ژن هەڕەشەیە لەسەر سروشت، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. کار گەیشتۆتە ئەوەی ڕابەرانی ئەم تیۆرە لە وێنەی (کاری وارین) سروشت و کێشەکانی، وەک پرسێکی گرنگی فێمینیزمی سەیر بکەن.

### ٣.١/ کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی ئیکۆفێمینیزم:

سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تیۆری ئیکۆفێمینیزم ڕوداوێکی ڕێککەوت و لەخۆوە نەبوو، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی جۆراوجۆری مێژوویی و فەلسەفی قوڵی هەیە، چونکە مێژووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت لەلایەک و ژن و سروشت لەلایەکی دیکەوە زۆر کۆنە، ئەمەش لە بەرئەنجامی ئەو چالاکی و کارلێکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی هەر لەسەرەتای بوونییەوە لەگەڵ ژینگە و سروشت هەیبووە. ئەم کارلێکەش دوولایەنەیە واتە هەم ژن کاریگەری لەسەر ژینگە هەبووە، هەمیش ژینگە کاریگەری لەسەر ژن هەبووە. لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتنی ئەم تیۆرە پاڵپشتە بە میتۆدێکی ڕەخنەی گرنگ لە نێوەندی ڕەخنەی ئەدەبیدا بەناوی (میتۆدی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی)، کە ئەم ڕەخنەیەش پەیوەستە بە بوارێکی مەعریفە و زانستێکی گرنگ، کە ئەویش (زانستی ژینگەناسی – علم البيئة/ ecology)یە، کە وەک ژێدەرێکی سەرەکی دەرکەوتنی ڕەخنەی ئیکۆلۆژی و ئیکۆفێمینیزم سەیر دەکرێت. (سیمۆن دی بۆڤوار- Simon de Beauvoir) یەکەمین کەس بوو لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (ڕەگەزی دووەم- The Second Sex) لەساڵی (١٩٤٩)دا پەیوەندی سروشت و ژنی شیکردووەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە کولتور دروستکراوی مرۆڤە و لە کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەدا هەموو نامرۆڤەکان بە ئەوانی دیکە دەستنیشان دەکرێن (Suresh & P s, 2021: 207). دوای ئەوە زانای بایۆلۆژیی ئەمریکی "ڕەچەڵ کارسۆن- Rachel Carson" لە کتێبی "بەهاری بێدەنگ- Silent Spring" لە ساڵی (١٩٦٢) بڵاوکراوەتەوە، یەکەم کەس بوو، کە گلەیی و ناڕەزایەتی بەرانبەر بە پیسوون و تێکچوونی سروشت دەربڕی. ئەم کتێبە بە بەرهەمێکی بنەڕەتی لە بزوتنەوەی ژینگەپارێزیدا دادەنرێت (Abdel Aziz, 2021: 21). دواتر دروستبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەم دەیان ساڵەی دواییدا، لە هەموو جیهاندا، ئاماژەیە بۆ هەستیاریی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرانبەر بە پرسە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری، ئابوورییەکان بە گشتی و پرسە ژینگەییەکانی، وەک پیسبوونی هەوا، لەناوبردنی ژینگە، ... هتد، بەتایبەتی ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕۆڵی ژنە، وەک توخمێکی چالاک و کاریگەر لەم بزووتنەوانەدا، تێکەڵبوونی ڕۆڵی مێینەیی لەلایەک و هەستیاریی بەرانبەر بە پرسە ژینگەییەکان و بەکارهێنان و زیادەڕۆیی لە سامانە سروشتییەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە لە ژێر پەردەی چەمکەکانی، وەک گەشەی ئابووری و پێشکەوتن، لەلایەکی دیکەوە بووەتە هۆی یەکتربڕینی بەرژەوەندی و چاوەڕوانییەکانی لایەنگرانی بزووتنەوەکانی ژنان لەگەڵ لایەنگرانی ژینگە لە زۆر بواردا (عنایت و فتح زادە، ١٣٨٨: ٤٦). پاش ئەو تێکەڵبوون و کارلێکەی لە نێوان بزوتنەوە

جیاوازەکانی ژنان و ژینگەپارێزاندا هاتەکایەوە، ئیکۆفێمینیزم، وەک ئاراستەیەکی ئەخلاقی و بابەتێکی نێوان زانست و ڕشتە جیاوازەکان، لە دەوروبەری ساڵی (١٩٧٠)دا لە ڕۆژئاوادا، سەرەتاکانی دەرکەوت (پارساپور و دیگران، ١٣٩٦: ٤).

لە ساڵی (١٩٧٢) (فرانسوا دی ئۆبۆن) لە ژێر زاراوەی ئیکۆفێمینیزمدا باسی لەوە کرد، کە لەناوچوونی هەسارەکە بەهۆی پاڵنەرێکی قازانجخوازەوەیە، کە لە دەسەڵاتی پیاو دایە (Abdel Aziz, 2021: 21). دواتر یەکێک لەو نمونانەی، کە زۆرجار جێگەی گفتوگۆی ڕۆشنبیرانی ئیکۆفیمینیزم بوو (بزوتنەوەی چیپکۆ)یە، هاوکات هۆکارێک بوو بۆ دەرکەوتنی ئیکۆفێمینیزم، (ئەم بزوتنەوەیە لە ساڵی (١٩٧٤)دا لە (٢٧) ژنی لادێ لە باکوری هیندستان پێکهاتبوو، بە لەباوەشگرتنی درەختی لێڕەوارەکان، هۆکاربوون بۆئەوەی لەلایەن داربڕەکانەوە نەبڕدرێنەوە. هاوکات نیشاندەری تێڕوانینە جیاوازەکانی ژنانی لادێ بوو لە بەرانبەر شارەزایانی بێگانە، کە دەستیان بە وێرانکردنی لێڕەوارەکان کردبوو) (پارساپور، ١٣٩٧: ٤٧). ئەوە بوو ئیکۆفێمینیزم بەناونیشانی تیۆرێک، کە ژن و سروشت بەیەکەوە گرێدەدات، لەئەنجامی " بەیەکگەیشتنی بزوتنەوەکانی ژینگە و شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم سەری دەرهێنا و لە ئامانجەکەی سەرکەوتوو بوو، کە پێکەوەبەستنی ئەو دوو لایەنە بوو "(پارساپور، ١٤٠٠: ٢٧). هەروەها لە ساڵی (1974)دا (فرانسوا دی ئۆبۆن) کتێبێکی بەناونیشانی (فێمینیزم یان مەرگ - Le féminisme ou la mort) بڵاوکردەوە، تێیدا بە فەرمی زاراوەی ئیکۆفێمینیزمی بۆ گوزارشتکردن لە بزوتنەوەی ژن و سروشت خستەڕوو. ئەم زاراوەیە توانای ژنانی بەرجەستە دەکرد بۆ بەرهەمهێنانی شۆڕشێکی ئیکۆلۆژی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بوونی مرۆڤ لەسەر هەسارەکە. ئەوەش پێویستی بە پەیوەندی نوێی نێوان مرۆڤ و سروشت، ژن و پیاو دەبێت. لەو کاتەوە، ئیکۆفێمینیزم ئامانجی ئەوە بووە نیشانی بدات، کە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان زاڵبوون بەسەر ژن و سروشتدا هەیە (Warren 2000: 21)، (Abdel Aziz, 2021: 21).

هاوکات (شێری ئۆرتنەر- Sherry Ortner) ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریکی لەساڵی (١٩٧٤)دا وتارێکی بەناونیشانی ( Is Femaleto Maleas Natureisto Culture?) بڵاوکردەوە، کە باس لە پەیوەندییەکی هاوشێوەی نێوان ژن و سروشت و پیاو و کولتور دەکاتەوە" ( Suresh & P s, 2021: 207). لە ساڵی (١٩٧٦)دا تیۆری ئیکۆفێمینیزم لەلایەن (ینێسترا کینگ- Ynestra King)ەوە، زیادتر پەرەی پێدرا، بوو بە بزووتنەوەیەکی هۆشیاری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، کە جەختی لەسەر پەیوەندی ژنان و سروشت، بەکارهێنانی هەردووکیان لەلایەن پیاوسالاری دەکردەوە (Abdel Aziz, 2021: 21). دواتر کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە، لەلایەن نووسەرانی بواری ئیکۆفێمینیزم، لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٠)دا بڵاوکرانەوە، توانییان وەرچەرخانێکی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەم تیۆرە و پەیوەندی نێوان ژن و سروشتدا بێننەکایەوە. گرنگترین بەرهەمەکانیش ئەمانەن: "(ژنی نوێ/ زەوی نوێ- New Woman /New Earth) لەساڵی (١٩٧٥)دا لە نووسینی (ڕۆزماری ڕوتەر- Rosemary Ruether)، (ژن/ ئیکۆلۆژیای- Gyn/Ecology)ی (ماری دالی -Mary Daly) لە ساڵی (١٩٧٨)دا، (ژن و سروشت- Woman and Nature) لە نووسینی (سوزان گریفین - Susan Griffin) لە ساڵی (١٩٧٨)دا، (مردنی سروشت- The Death of Nature) لە نووسینی (کارۆلین مەرچانت- Carolyn Merchant) لەساڵی (١٩٨٠)دا، هەندێک لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی ئیکۆفێمینیزمن، کە پەیوەندی نێوان ژن و سروشتیان شیکردەوە (Suresh & P s, 2021: 207). پاشان ژمارەیەکی زۆر ژن لە ئەمریکا بەهۆی توانەوەی (دوورگەی سێ مایڵ- Three Mile Island) یەکەم کۆنفرانسی ئیکۆفێمینیزمیان بەست، لە ژێر ناونیشانی"ژن و ژیان لەسەر زەوی" لە ساڵی (١٩٨٠) لە (ئەمهێرس)دا، لەم کۆنفرانسەدا پەیوەندییەکانی نێوان فێمینیزم و ئیکۆلۆژیا و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا و چەمک و بیرۆکە ئیکۆفێمینیزمییەکان زیادتر پەرەیان پێدرا. بڕوانە: (Woman and life on Earth, 2018: 1).

پاشان (کارین وارین) وەک یەکێک لە ڕابەرانی ئیکۆفێمینیزم لەساڵی (١٩٨٧)دا وتارێک بەناونیشانی (فێمینیزم و ئیکۆلۆژی- Feminism and Ecology) بڵاودەکاتەوە، تێیدا تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان ژن و ژینگە و ئەو چەوسانەوە و وێرانکارییانەی لە سایەی سیستەمی پیاوسالاریدا، ڕووبەڕووی ژن و ژینگە بوونەتەوە. بڕوانە: (Warren, 1987). هاوکات (ڤاندانا شیڤا- Vandana Shiva)ی ئیکۆلۆژیستی هیندی لە ساڵی (١٩٨٨)دا کتێبێکی بە ناونیشانی (staying alive: women, ecology and development) بڵاوکردەوە، پێیوایە (پێش دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، خەڵکی ڕەسەن لە سەرانسەری جیهاندا پەیوەندییەکی نزیک و دۆستانەیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرییان هەبوو. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم کۆلۆنیالیزمە و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی زەوی و

ڕەچاونەکردنی پرەنسیپی ژن و لاوازبوونی مافی ژنان لەسەر خاک و سروشت بە گشتی، وەک سەرچاوەیەک بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ، پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا بە تەواوی زیانی پێگەیشت، بووە هۆی پیسبوون و لەناوبردنی ژینگە و تێکدانی ئیکۆسیستەم) (رحمانی و مجیدی، ١٣٨٨: ١٥). هەروەها (ڤاڵ پلوم وود- Val Plum wood) لە ساڵی (١٩٩١)دا، کتێبێکی بەناونیشانی ( Nature, Self, and Gender: Feminism, Environmental Philosophy, and the Critique of Rationalism) بڵاوکردەوە، توانی گرۆتینێکی دیکە بە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی ئیکۆفێمینیزم و کارلێکی ژن و سروشت ببەخشێت. بڕوانە: (Plum wood, 1991). (گریتا گارد- Greta Gaard) لە ساڵی (١٩٩٣)دا لە کتێبی "ئیکۆفێمینیزم، ژن، ئاژەڵ، سروشت"دا بڵاوکردەوە، کە توانی ئاراستەی لێکۆڵینەوەی ئیکۆفێمینیزم بەرەوپێشتر بەرێت. پاشان (گارد) لە ساڵی (٢٠٠١)دا وتارێکی بەناونیشانی (ژنان، ئاو، وزە، یەک میتۆدی ئیکۆفێمینیزمی) دەنووسێت، تێیدا دەڵێت: "ئیکۆفێمینیزم زیادتر تیۆرێکە لەبارەی فێمینیزم و ژینگەگەرایی، یاخود ژن و سروشت، کە لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی تێکچوونی ژینگە و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات، لەو بنەمایە نزیک دەبێتەوە، کە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و سروشتدا بەشێوەیەکی جیانەکراوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە" (Opperman, 2013: 21). بەم شێوەیە لەم سەدەیەوە ئیکۆفێمینیزم زیادتر گەشەیسەندووە و هەمەچەشن بووە، دیدگا و ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتووە. مێژووەکەی پرۆسەیەکی بەردەوامە، بیرۆکە و دەنگی نوێ بەردەوام لەناو بوارەکەدا سەرهەڵدەدەن. سنوری ئەدەبیاتی چەندین وڵاتی بڕیوە، لە ئێستادا وەک تیۆرێکی تازەی ڕەخنەی ئەدەبی ساڵانە چەندین وتار و توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر ئەم بابەتە دەنووسرێن. دیارترین ڕابەرەکانی ئیکۆفێمینیزم بریتیین لە: (فرانسوا دی ئۆبۆن (١٩٢٠- ٢٠٠٥)، کارین وارین (١٩٤٧- ٢٠٢٠)، ڤاندانا شیڤا (١٩٥٢- )، ڤاڵ پلوم وود (١٩٣٩- ٢٠٠٨)، گریتا گارد (١٩٦٠- )). پەیوەست بە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لە بارەی تیۆری ڕەخنەی ئیکۆفێمینیزمەوە بەرچاو ناکەوێت، ئەوەی، کە هەیە لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، لە چوارچێوەی دوو نامەی ئەکادیمی لە بارەی ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە، وەک بنەمایەکی ئەم ڕەخنەیە ئاماژەی پێدراوە. یەکەمیان نامەیەکی دکتۆرای (سۆران مامەند عەبدوڵڵا)یە بەناونیشانی (ڕەخنەی ئیکۆلۆژی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و سەباح ڕەنجدەر- ساڵی ٢٠٢٢، زانکۆی سەلاحەددین)، دووەمیان نامەی ماستەری (مەهدی ئەحمەد مەحمود) بە ناونیشانی (ڕەخنەی ژینگەیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ساڵی ٢٠٢٢، زانکۆی ڕاپەڕین)، بەڵام وەک ئاماژەی پێدرا، تیۆرێکی ڕەخنەی سەربەخۆ تاکو ئێستا لە ناوەندی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لای لێنەکراوەتەوە.

### ٢. پراکتیزەکردنی ئیکۆفێمینیزم لە دەقەشیعرییەکانی ''قوبادی جەلیزادە''دا

"قوبادی جەلیزادە"، یەکێکە لەو شاعیرە پێشەنگانەی، توانیویەتی لەناو دنیای شیعری هاوچەرخی کوردیدا، وەرچەرخانی گەورە بێنێتەبوون، کە تەنیا لە بەستێنی زمانی شیعردا نەبوو. بەڵکو پێداچوونەوەی بە کۆی پرس و لایەنەکانی دنیای شیعری کوردیدا کردووە. بەجۆرێک لە پاڵ نوێکردنەوەی زماندا، بابەت، تۆبۆگرافیای شیعری، ئەندێشە، دەربڕین، ...هتد، ئەو تەوەرانەبوون، کە "قوباد" توانی بازێکی گەورەیان تێدا بهاوێت. بەتایبەت لە بواری بابەتی شیعریدا، ئەو بابەت و پرسە گرنگانەی، پەیوەستن بە ژیاری مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردن و گرنگیپێدانی زۆرن لای شاعیر، بەچەشنێک "قوباد" هاوڕێک لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیای مۆدێرن و پۆست مۆدێرن توانیویەتی ئاوڕ لە بابەتە هەنووکییەکانی ناوخۆی و جیهانی بداتەوە. قسە لەسەر ئەو بابەتانە گرنگانە بکات، کە پرسی ڕۆژن، هەر لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە بگرە تاکو دەگاتە پرسە گرنگەکانی ژن و ژینگە و ئەو قەیران وماڵوێرانییەی، کە ڕووبەڕووی ژینگەی سروشت و ژن بووەتەوە، لە سایەی کولتوری پیاوسالاری و تەکنەلۆژی و سیستەمی سەرمایەدارییەوە. شاعیر لەم دیوانەدا وەک دیوانەکانی دیکە، یەکێک لەو پرسە گرنگانەی، کە لەسەری وەستاوە پرسی ماف و چەسانەوەکانی ژن و قەیرانەکانی ژینگەی سروشتییە، کە توانیویەتی وەک شاعیرێکی ئیکۆفێمینیزم خۆمان پێشاندەدات و کار لەسەر پرسی ژن و ژینگە و ئاوێتەکردنی هەردووکیان بکات. بە جۆرێک سەیرکردنی پرسی چەوسانەوەی ژن، وەک پرسێکی ژینگەیی و بەپێچەوانەشەوە پرسی وێرانکردنی ژینگە، وەک پرسێکی فێمینیزمی یەکێکە لە ئەدگارە دیارەکانی شیعری (قوباد)، کە لە دووتوێی شیعرەکانیدا، ئەو دوو پرسە گرنگە پێکەوە کۆدەکاتەوە و لێکییان دادابڕێت و وەک ئیکۆفێمینیزمێکی شارەزا، چەوسانەوەی ژن و قەیرانەکانی ژینگەی سروشتی، بە بەرهەمی کولتوری پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری دەزانێت.

هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی ئەو کولتورە باڵادەستە، کە هەموو شتێک بە ڕەوا دەبینێت بۆ خۆی، لەپاڵیدا سەرمایەداری، وەک چەکێکی کوشندە بۆتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ پاڵپشتیکردنی ڕوانگەی پیاوسالاری و چەوسانەوەی ژن و هێنانەکایەی قەیرانی قووڵی ژینگەیی لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە هەوڵدەدەین دەقە شیعرییەکانی دیوانی (باخچەکانی مەلەکە تاووس) لە ڕوانگەی بنەماکانی ئیکۆفێمینیزم شەن و کەو بکەین و ئەو دید و بۆچوونانەی شاعیر بدوێنین، کە لەبارەی پرسی قەیرانی ژینگە و چەوسانەوەی ژن بەیانی کردوون.

### ٢-١/ ئاوێتەبوونی ژن و سروشت:

تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونی ژن لەگەڵ سروشتدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. واتە لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە دەستپێدەکات، کاتێک دایکان خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان بوون، پیاوانیش بە ڕاووشکارەوە خەریکبوون. لێرەوە پەیوەندی ژن لەگەڵ سروشتدا، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان و دابینکردنی خۆراک لە خێزاندا سەرهەڵدەدات، بۆیە بەپێی پێدراوە مێژووییەکان، هەروەکو (د. کەمال مەزهەر) دەڵێت: " وا پێدەچیت کشتوکاڵ- یەکەم بەردی بناغەی شارستانی مرۆڤ- بەرهەمی بیری ئەو بێت" (مەزهەر، ١٩٨١: ٥). لەبەرئەوە قۆناغەکە ناونراوە بە قۆناغی دایکسالاری. بەم پێیە ئاوێتەبوونی ژن لەگەڵ سروشتدا بۆ سەردەمێکی دوور دەگەڕێتەوە. هەتا بوونی ژن، وەک دەرکەوتەیەکی پیرۆز و موقەدەس سەیرکراوە، بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی لەو قۆناغەدا گێڕاویەتی، وەک دەگوترێت "ئافرەت و کشتوکاڵ وا تێکەڵاوی یەک بوون کە ئەو، نەک پیاو، بووە خواوەندی پیت و بەرەکەت لە سەرەتای پەیدابوونی ئایندا" (مەزهەر، ١٩٨١: ٥). ئەم پیرۆزیەش لە ئەفسانە کۆنەکانی پەیوەست بە خۆراک و بەردەوامبوونی ژیان دەرکەوتووە، چونکە ئەفسانەکان ڕۆڵیان لە پیرۆزکردنی ژندا هەبوو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژنیان لە سروشت نزیک کردەوە؛ وەک ئەوەی زەوی خوشکێک بێت، کە پێویستە بە خۆشەویستییەوە چاودێری بکەین و ئاگامان لێبێت. (ئەم ڕوانگەیە لە زۆرێک لە ڕێوڕەسمە کۆن و هاوچەرخەکاندا دەبینرێت، کە تێیدا ژن ڕۆڵی سەرەکی لە ئەنجامدانیان دەگێڕێت. لەم نێوەندەدا، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، لێکچوون و تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ژن لەگەڵ سروشتدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی مۆدێل و نمونەی ئەبەدیی، ئەو بوو بە "گەورە- دایک"ی هەموو بوون، ئەو دایکەی، کە بە تاکە سەرچاوەی هەموو دروستکراوەکان دادەنرا. تا ئەو ڕادەیەی دیاردە و پێکهاتەکانی ناو سروشت، بە شێوەی جۆراوجۆر وەک: "خاک" (زەوی)، "ئاو"، "دار" و... هتد، لە هونەردا دەرکەوتن، وەک ژن و دایک وێنا دەکران و هێمای ڕەگەزی مێیان وەرگرت، تا هەنووکەش ئەم هێمایە لە زماندا بوونێکی واقیعی هەیە. هاوکات لێکۆڵینەوەکانی ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی تاوتوێی پەیوەندی نێوان ئەفسانەی ژن و ژینگە و ڕۆڵی ژن، وەک میراتگری ڕۆحی ژینگە بۆ نەوەکانی داهاتوو و شێوازی پاراستن و گواستنەوەی ئەم میراتە دەکەن) (انصاری، ١٣٩٢: ٣٣). ئەم میراتگرییەش لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژنان زیادتر شێواز و ڕوحییەتی ژیانێکی ژینگەدۆستییان بە بەراورد بە پیاوان هەیە.

هاوکات تێکەڵبوونی ژن و سروشت چەمکێکە، کە بەدواداچوون بۆ پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان ژن و جیهانی سروشتی دەکات. پەیوەندی و لێکچوونە سروشتییەکانی نێوان ژن و ژینگە دەناسێت، جەخت لەسەر سیفەت و ڕۆڵی هاوبەشیان دەکاتەوە، بۆیە دەگوترێت "یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان، کە جێگەی گرنگی پێدانی ئیکۆفێمینیزمەکانە سیفەتە هاوبەشەکانی نێوان ژن و سروشت یاخود دیاردە سروشتییەکانە، کە دەبنە هۆی هێنانەکایەی پەیوەندی نێوان ئەو دووانە" (پارساپور، ١٤٠٠: ٣٩). یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان، کە پەیوەندی مێژوویی ژن لەگەڵ سروشت دەردەخات، ڕۆڵی پەروەردەکردن و چاودێریکردن و بەرهەمهێنانە، زۆرجار پەیوەستن بە جیهانی سروشتییەوە. سەرەڕای ئەوەش ژن ڕەنگە هۆشیارییەکی زیادتری لە پرسە ژینگەییەکاندا هەبێت، بەهۆی ڕۆڵەکانیان وەک چاودێرانی سەرەتایی و پەیوەندیی بە خۆشگوزەرانی خێزانەوە. جگە لەوەش، ئەزموونی ژنان لە سوڕی مانگانە و دووگیانی و منداڵبووندا دەتوانێت پەیوەندییەکی قوڵتر بە سروشتەوە دەربخات، چونکە لە سروشتیشدا هەمان کرداری زاوزێ و دووبارە ژیانەوەی پێکهاتەکانی دەبینین. ئەم چەمکە زۆرجار تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنە پەروەردەیی و ژیانبەخشانەی کە پەیوەندییان بە ژن و سروشتەوە هەیە. دان بەو هێزی خۆڕاگری و گۆڕانکارییەدا دەنێت، کە ژن خاوەنییەتی، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا سیفەتە دووبارە بەرهەمهێنەرەوە و پەروەردەکارییەکە دەردەخات، کە لە سروشتدا دەبینرێن. هەروەها دەتوانرێت تێکەڵبوونی ژن و سروشت وەک بانگەوازێک بۆ پاراستنی ژینگە سەیر بکرێت، بە دانان بەوەی، کە خۆشگوزەرانی ژن و جیهانی سروشتی تێکەڵاون. ئەمەش هاندەری ڕێبازێکی گشتگیرە بۆ بەردەوامی و بەڕێوەبردنی ژینگە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری

کردەوەکانی مرۆڤ لەسەر ژن و هەسارەی زەوی- دایک. ئەم ئاوێتەبوونە، وەک چۆن کاریگەری لەسەر پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ و بەرهەمهێنان هەیە، ئاواش کاریگەری لەسەر لایەنەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ دادەنێت، وەک لایەنی ئابوری و سیاسی و ئەدەبی، چونکە ئەدەب وەک کۆی کایەکانی دیکە بەدەرنییە لەو کاریگەرییە، بە جۆرێک ئەم فاکتە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گواستراوتەوە نێو ئەدەبیاتیش، وەک ئاماژەی پێدرا، ئەم دەرکەوتەیە سەرەتا لە ئەفسانەکانەوە دەستپێکردووە، دواتر بە تێپەڕینی کات ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەشی گرتووە. بە چەشنێک لای شاعیر و نوسەران نزیکی و ئاوێتەبوونی ژن لەگەڵ سروشتدا شتێکی شاراوە نییە، بەڵکو ژن ڕووبەرێکی فراوانی بەرکەوتووە، بەردەوام ئەوەی لە تەک سروشت و پێکهاتە سروشتییەکان دەبینرێت بوونی ژنە، وەک لێکچواندنی ئەندام و پێکهاتەکانی ژن بە سروشت بەپێچەوانەشەوە، یاخود خواستنی پێکهاتەیەکی سروشت و بەکارهێنانی بۆ ئەندام و پێکهاتەیەکی جەستەی ژن. دیارە ئەمەش هەر لەخۆوە لای شاعیران دەرنەکەوتووە، بەڵکو پاشخانێکی هزری و ئەفسانەی و مێژووی قووڵی لە پشتەوەیە، کە بەرهەمی هزر و شارستانیەتی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو، وەک میرات نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە. ئەم تێکەڵاوی و نزیکییەی ژن لەگەڵ سروشتدا لە شیعر و ئەدەبیاتدا بەپێی زنجیرەی زەمەنی بەردەوامی هەبووە، لە هیچ قۆناغێکدا هەست بە دوورکەوتنەوەی ژن لە سروشت ناکەیت، هەر لە ئەدەبیاتی کلاسیکەوە بگرە، تاکو ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ، ئەم دیاردەیە زیاتر لە پەرەسەندندابووە و ڕۆڵی ژن و کاریگەری و کارتێکردنەکانی لەگەڵ سروشت ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە، بەتایبەت لای ئەو شاعیرانەی، کە زۆر گرنگیان بە پرس و پەیوەندییەکانی ژن لەگەڵ ژینگەی سروشتی داوە. ڕەنگدانەوەی ئەم ئاوێتەبوون و پەیوەندییەش لای قوباد، وەک شاعیرێکی هاوچەرخ بەرجەستە و واتادارە، بەجۆرێک توانیویەتی لە دەقە شیعرەکانیدا خاڵ و سیفەتە هاوبەشەکانی ژن و سروشت لەتەک یەک کۆبکاتەوە و فۆرم و پێکهاتەی سروشت بە ژن بچوێنێت بە پێچەوانەشەوە. هەروەها هاوتاکردنی ژن لەگەڵ سروشتدا، وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنان و دابینکردنی خۆراک بەخێوکردنی منداڵ لای شاعیر دیاردەیەکی بەرچاوە. بۆیە دەقەکانی جەخت لەسەر پەیوەندی نزیکی ژن بە سروشت دەکەنەوە. ژیانی تایبەتی ژن لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی پتەو بە سروشتەوە گرێدراوە. خوێندنەوەی ئەم دەقانە بە ڕوانگەیەکی ئیکۆفێمینیزم لایەنە تاریکەکانی بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە و تێکەڵاوی ژن و سروشت دەردەخات.

هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت:

**کە بەپێوە بوو زەوی،**

**شۆڕە ژنێ بوو نازدار**

**کەچی کە ڕاکشا،**

**کەلە سەری بوو بە چیا.**

**قژی، بە دارستان.**

**چاو، بە کانی.**

**دەم ئەشکەوت.**

**مەمک، بەگرد.**

**سک، بەپێدەشت.**

**گەڵ، بەچەمی ئاودار.** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٧٠).

بە سەرنجدان لەم دەقە شیعرە، دەبینین شاعیر پەیوەندی و لێکچوونە سروشتییەکانی نێوان ژن و سروشت نیشاندەدات. زەوی دایک وەک جەستەی ژن وێنا دەکات، یەک لە دوای یەک ئەندامەکانی جەستەی و پێکهاتەکانی سروشت بەرانبەر یەکتر دادەنێت. وەک (کەلەسەر = چیا، قژ= دارستان، چاو= کانی، دەم= ئەشکەوت، مەمک= گرد، سک= پێدەشت، گەڵ= چەمی ئاودار) ئەمەش دەرخەری ئەو بۆچوونەیە، کە پێشتر خرایەڕوو، کە بۆچی ژن تێکەڵاو و ئاوێتەیە بە سروشت، بۆیە ئەمی شاعیر لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیدە ئەفسانەی و مێژووییە، دێت هەر ئەندامێکی جەستەی ژن بە دیاردە و پێکهاتەیەکی ژینگەی سروشتی دەچوێنێت و خاڵ و سیفەتی هاوبەشی نێوانیان دەردەخات. دانانی هەریەک لەمانەش مانا و مەغزایی تایبەتی خۆی هەیە و هەڵگری پاشخانێکی

کولتوری و لۆژیکییە. بۆ وێنە ئەگەر لەسەر هەر یەک لەو ڕووبەرە هاوبەشانە بوەستین و بیاندوێنین دەبینین شاعیر (کەللەسەر = چیا) لە بەرزی و سەرکەشیدا لە بەرانبەر یەکتر داناوە، پێشنیازی گەشەیەکی مەعریفی یاخود فراوانبوونی زانست و حیکمەت دەکات. هەروەها بەرانبەر یەکدانانی هەریەک (قژ= دارستان، چاو= کانی) بەسەرپێی و لەخۆوە نەبووە، بەڵکو سروشتی هەریەکێکیان لەگەڵ ئەویتریان یەکدەگرێتەوە، چونکە ئاشکرایە قژی ژن چڕ و پڕ و درێژە هاوشێوەی دارستانە و ئاماژەیە بۆ سروشتێکی کێوی. هاوکات چاو و کانیش، دوو دیاردەن بەردەوام لە ئەدەبیات و پاشخانی هزریدا بەیەکتر چوێنراون، چونکە سیفەتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەویش دەردان و هەڵقوڵینی ئاوە لە هەریەکەیاندا. (دەم= ئەشکەوت) هەرچەندە لە ڕووی فۆڕم و پێکهاتەوە لەیەکەوە نزیکن، بەڵام زۆرجار هێما و ڕەمزن بۆ شوێنێک، کە زانیاری شاراوە یان نهێنی تێیدا پارێزراوە یاخود دەوازەیەکە بۆ گەیشتن بە گەنجینەی زانیارییەکان و کایە عیرفانی و ڕۆحییەکان، کە حیکمەت یان زانینیان تێدایە، یاخود دەکرێت مێتافۆڕێک بن بۆ قوڵاییەکانی دەروونی مرۆڤ و سروشت، نوێنەرایەتی عەقڵی نائاگا دەکەن. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەم و ئەشکەوت دەکرێت هێمای شوێنی سەلامەتی یان پەناگەش بن بۆ مرۆڤ، کە پارێزگاری لە هەڕەشە دەرەکییەکان یاخود بارودۆخی پڕ لە گێژاو پێشکەش دەکەن. چونکە وەک کورد دەڵێت: زمان (دەم) بەڵای سەرە، ئەگەر دەمت زۆر لە شت نەکوتی و قسە زۆر نەکەیت زیاتر پارێزاو و سەلامەتتر دەبیت. لە بارەی هەریەک لە دەستەواژەکانی (مەمک= گرد)، دەکرێت بگوترێت مەمک لە پێدەشتی سینەی ژندا لە ڕووی فۆڕم و شێوەوە، وەک گرد وایە، دەشێت لە هەندێک کۆنتێکستدا بە شێوەیەکی مێتافۆڕ بەیەکەوە ببەسترێنەوە. لە ئەدەب و شیعردا هەم مەمک و هەمیش گرد هەندێک جار وەک هێمای بەخێوکردن و مێینەیی و جوانی سروشتی بەکاردەهێنرێن. بە شێوەیەکی ڕەمزی مەمک دەشێت وەک نوێنەرایەتی خۆراک و ئاسوودەیی و هەستیاری سەیر بکرێت.لە کاتێکدا گرد دەشێت هێمای هێز و سەقامگیری پێکهاتە سروشتییەکانی زەوی بێت. بەم مانایە دەتوانرێت هەردووکیان وەک هێمای هێز و سیفەتی مێینە و جوانی سروشت سەیر بکرێن.

(سک = پێدەشت)، سکی ژن وەک پێدەشت یاخود کیڵگەیەک وایە، کە پیاوان دەتوانن تۆوەکانیان لە نێو کێڵگەی سکی ژندا بچێنن و بەردەوامی بە ژیان بدەن، وەک چۆن پێدەشت سەرچاوەی بەرهەم و بژێوی ژیانی مرۆڤە. هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سوڕەتی (البقرة)دا لە سەرەتایی ئایەتی (٢٢٣)دا دەفەرموێت: ''نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ۖ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ ۚ.....'' (البقرة، آية ٢٢٣: ٣٥) واتە: "ژنان کێڵگەی خۆتانن، لەهەر کوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە؛ تۆشەیەکیش وەپێش خۆخەن" (هەژار، ١٣٧٩: ٣٥). بۆیە لێرەوە دەشێت (سک= پێدەشت) هێمای بەرهەمهێنان و ژیان بەخشین بن. هاوکات (گەڵ= چەمی ئاودار) دەشێت هێمای لێشاوی بەردەوامی ژیان و گەشەسەندنی مرۆڤایەتی بێت، چونکە گەڵ چاوگ و دەروازەی هاتنە دنیای مرۆڤایەتییە، چواندنیشی بە چەمی ئاودار لای ئەمی شاعیر بەو پێودانگەیە، کە ئاو سەرچاوەی ژیان و ئاوەدانی و ڕووناکییە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، وەک ئاشکرایە مرۆڤ لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی دوو ئاوەوە خوای گەورە دروستی دەکات، بۆیە لەپاڵ یەکدانانی ئەم دووانە هێمایە بۆ بەردەوامی توانای ئافرێنەر (خوای گەورە) و گەشە و ژیانی مرۆڤایەتی و ڕووناکی لەسەر هەسارەی زەویدا. یاخود لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

**مەمک،**

**یەکەم کێڵگەو**

**دوا کێڵگەی**

**گوڵە گەنمە.** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٩٨).

لەم دەقەدا شاعیر پەیوەندی و ئاوێتەبوونی ژن و سروشت، لە ئەندامێکی جەستەیی ژن و پێکهاتەیەکی سروشتدا دەبینێتەوە، هەردووکیان وەک سەرچاوەی ژیان و بژێوی مرۆڤایەتی سەیر دەکرێن، چونکە وەک ئاماژەی پێدرا، ژن و سروشت سەرچاوەی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤن، ئاشکرایە مەمکی ئافرەت سەرچاوەی بژێوی منداڵ و بەخێوکردنە، وەک کێڵگەیەک وایە منداڵ لە بەروبوومەکەی دەخوات. بە هەمان شێوە گوڵە گەنم یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی خۆراکی مرۆڤ بەشدارییەکی کارای لە پەرەپێدانی ژیاندا هەیە و وەکو سەرچاوە و خۆراکی بنەڕەتی سەیر دەکرێت. لێرەوە مەمک و گوڵە گەنم دەشێت هێمایەک بن

نوێنەرایەتی قۆناغ و لایەنە جیاوازەکانی ژیان یاخود ئەزموونەکانی مرۆڤ بکەن، بە جۆرێک مەمک یەکەم مەیدانی بژێوی ژیانی مرۆڤە کاتێک دێتە دنیاوە. لەنێو زمان و کولتورە جیاوازەکاندا، دەکرێت هێمای شتی جیاواز بێت، زۆرجار پەیوەستە بە پەروەردەکردن و دایکایەتی و مێینەییەوە. هەروەها دەشێت هێمای پەیوەندی نێوان دایک و منداڵ بێت. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت بە شێوەیەکی مێتافۆڕ بەکاربهێنرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەست، ئارەزوو، یاخود غەریزەکانی مرۆڤ. هەرچی دەستەواژەی "گوڵە گەنم"ە سەرەڕای ئەوەی جوانی یان ناسکی سروشت پیشان دەدات، زۆرجار دەشێت هاوشێوەی مەمک پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ژیانەوە هەبێت، بۆیە لێرەدا شاعیر لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، ژن و سروشت هاوتایی یەکتر دەبینێت و هەردووکیان وەک سەرچاوەی گەشەپێدانی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی وێنا دەکات.

### ٢-٢/ ژن وەک چارەسەری قەیرانی ژینگە و مرۆڤایەتی:

پاراستنی ژینگە و چارەسەکردنی قەیرانەکانی یەکێکە لە گرنگترین و شێلگیرترین ئەو نیگەرانی و بابەتانەی مرۆڤ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بایەخییان پێدەدات. چونکە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە پەیوەستە بە ژینگەکەیەوە، بۆیە پاراستی ژینگە هاوتایە بە پاراستنی مرۆڤ، لەناوبردن و نابوتکردنیشی یەکسانە بە لەناوبردن و مەرگی مرۆڤایەتی. ئەم پرسەش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەیە، وەک (پیاو، ژن، منداڵ،...هتد)، چونکە هەریەک لەمانە ڕۆڵی گرنگییان لە پاراستنی ژینگە و چارەسەکردنی قەیرانەکانیدا هەیە. هاوکات کۆی دام و دەزگا حکومی و ئیدارییەکانیش پێویستە بەم ئەرکە هەڵبستن، هەرچەندە ئەرکی لە پێشینەی هەر حکومەتێک پاراستنی ژینگەیە، بەپێی پلانی بەرنامە بۆ داڕێژراوە. بۆیە گرنگە هەموو مرۆڤایەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت و پارێزگاری لە ژینگەکەی بکات. لەم نێوەندەدا ڕۆڵی ژن، ڕۆڵێکی کاریگەری و ئەکتیڤە، لە پاراستنی ژینگە و چارەسەرکردنی گرفتەکانیدا، بۆیە (لە پرۆژەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ژینگە، ژنان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە، بەتایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، کە ژنان زۆرترین پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژینگەدا هەیە، بەرنامەکانی پاراستنی ژینگە و سەرکەوتنی ئەو بەرنامانە سەرەڕای زۆرێک لە ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکان بە کردەی بەشداری ژنان دەزانن) (ابراهیمی زادە و دیگران، ١٣٩٩: ١). بەم پێیە پرسی پاراستنی ژینگە بەبێ بەشداری ژن ئامانجەکانی ناپێکێت، لەم ڕوانگەیەوە زۆرێک لە بیرمەندان پێیانوایە پێشخستنی کولتوری ژینگەیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ژنانی زانا و خاوەن متمانەوە دەکرێت. بۆیە دەکرێت بگوترێت گرنگترین ڕۆڵی ژنان لە پاراستنی ژینگەدا بریتیین لە:

- گواستنەوەی ڕۆشنبیری ژینگەیی و زانیاری بۆ نەوەکانی داهاتوو لەلایەن ژنەوە ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵ ئەرکی ژنە، منداڵیش لە دایکییەوە فێری شێوازی ژیان و پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا دەبێت. بۆیە ژن دەتوانێت کولتوری ژینگەیی و ئەم میراتە بە نرخە بۆ منداڵەکانی بگوازێتەوە.

- بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی ژن لە بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ دەیگێڕێت، بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵی هەیە، لە باشترکردنی ڕەفتاری ژینگەیی لە ماڵەوە و لە نێو ئەندامانی خێزاندا، وەک کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، کەمکردنەوەی کڕینی ناپێویست و بەکارهێنانی دەفری پلاستیکی، کەمکردنەوەی سەفەری ناپێویست بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی، ...هتد، کە زۆر یارمەتیدەرە بۆ ڕزگارکردنی ژینگەی سروشتی (سهراب زادە، ١٣٨٣: ٤).

- بەهۆی ڕۆڵی خۆیان لە گەشەپێدانی کشتوکاڵدا، ژن دەتوانێت کاریگەری لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ژەهرەکان و بەکارهێنانی گونجاوی ماددە سەرەکییەکان بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە کێڵگەکاندا هەبێت (ابراهیمی زادە و دیگران، ١٣٩٩: ٢). بەم پێیە ژن ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە چارەسەرکردنی قەیرانی ژینگەیی و کارکردن بۆ گەشەپێدانی بەردەوام دەگێڕێت. بۆیە پێشچاوخستنی ڕۆڵی ژن لە چارەسەرکردنی قەیرانی ژینگەدا زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر و گشتگیرتر، کە هۆشیاری ژینگەیی تێیدا لە ئاستێکی بەرز دابێت.

بەپێی پێدراوە مێژووی و زانستییەکان ژن بە بەراورد بە پیاو زیادتر هەڵوێستێکی هاوسۆزی بەرانبەر بە ژینگە هەیە و ڕەفتارەکانی زیادتر دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاکاری ژینگەییەوە. ئەمەش بەو مانایەی، کە ژن زیادتر نیگەرانی ژینگە و ئیکۆسیستەمە و ڕوانگەی خۆیان لەم بارەوە نیشانداوە. (ئیرین دانکڵمان) نووسەر و ئیکۆلۆژیستێکی جوگرافیای کۆمەڵایەتی، پێیوایە "هەرچەندە لە یەکەم

نیگادا پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ژینگەی فیزیکی بە بێلایەنی ڕەگەزی دادەنرێت و پێدەچێت بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر ژن و پیاو هەبێت، بەڵام بە لێکۆڵینەوەیەکی وردتر دەتوانرێت ببینرێت، کە ئەم پەیوەندییە بە هیچ شێوەیەک بێلایەن نییە. پێکهاتەی جیاوازی کۆمەڵایەتی- کولتوری ئەم پەیوەندییانەی نێوان ژن و پیاو بە جۆرێکە، پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و ژینگەی فیزیکی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە جیاواز کار دەکات، چونکە ژنان باوەڕی بەهێزتریان هەیە، سەبارەت بە دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی ژینگە بۆ کەسانی دیکە و ئیکۆسیستەم و خۆیان، ئەم باوەڕانەش پێشبینی ڕەفتاری ژینگەپارێزی زیادتر دەکەن" (ابراهیمی زاده و دیگران، ١٣٩٩: ٢). لە ڕوانگەییەکی دیکەوە ژن جگە لە چارەسەر بۆ قەیرانەکانی ژینگەی سروشتی زۆرجار چارەسەرە بۆ چەندین کێشەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. ئەمە وایکردووە، ژن ببێتەهەوێنی چارەسەر بۆ کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە کۆمەڵگەدا، ئەم ڕۆڵەی ژن لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت تەنها تایبەت نییە، بە کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی دیاریکراو، بۆ وێنە ئەگەر قسە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بکەین. دەبینین تا ئەمڕۆش لە باشوری کوردستاندا، زۆر لە خێزان و بنەماڵەکان پێیانوایە ژن بۆ زۆر نەخۆشیی کۆمەڵایەتی و دەروونیی پیاوان چارەسەرە. بۆ نمونە، کوڕەکەیان کحولییە، ئەگەر ژنی بۆ بهێنن ئیدی واز کحول دەهێنێت. کوڕەکەیان دەستبڵاوە، کە ژنی بۆ بهێنن ئەو دەستبڵاوییە وازلێدێنێت. شەوان درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵ، ئەگەر ژنی بۆ بهێنن واز ئەم خوە دەهێنێت. کوڕەکەیان شێتۆکەیە، ئەگەر ژنی بۆ بهێنن دێتەوە هۆشی خۆی. شەڕانگێزە، ئەگەر ژنی بۆ بهێنن ئەهوەن دەبێتەوە ... هتد، لە سەرلەبەری ئەوانەدا ئافرەت قوربانییە. لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا زیادتر بەها و پێگەی ئافرەت لە جەستەیدا نەك لە ئاوەزیدا کۆکراوەتەوە. تەنانەت لە ئاینیشدا پتر ئافرەت لە جەستەدا کۆکراوەتەوە نەك ئاوەزی. لە ئەدەبیات و کلیپ و هونەریشدا ئافرەت لە جەستەدا نەك ئاگاییدا کۆکراوەتەوە. بە گشتی ڕەگەزی نێر، ئافرەت بە سەرچاوەی چێژ و لەزەتەوە گرێدەدات نەك ئاگایی و ئاوەزی، چونکە پیاو چێژ لە جەستەی مێ نەك ئاوەزی دەبینێت. بۆیە ئەم بە کەم سەیرکردنەی ئافرەت لە دیدی پیاوەوە لە نێو کۆمەڵگە و کولتوری کوردیدا بە زەقی دەبیندرێت. هەموو ئەمانەش بەو مانایە نایەن لە نێو میللەتانی ناوچەکەدا، کورد ئەم دەردیسەرییەی دوچاری ئافرەت کردبێت و میللەتانی دیکەی ناوچەکە بە پێچەوانەوە بن. بگرە کورد لە ناوچەکە بەراورد بە میللەتانی دیکە، بۆ ئەم پرسە ئەگەر باشتر نەبێت، ئەوا خراپتریش نییە. بۆ زانیاری زیادتر لەسەر ئەم پرسە بڕوانە: (حەسەن، 2022: 158-162). کەواتە ژن بەو ڕۆڵە گرنگ و مێژووییەی لە چارەسەکردنی قەیرانەکانی ژینگە و مرۆڤایەتیدا هەیەتی، توانیویەتی پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات و بەردەوام فاکتێک بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگارییانە و لە پێشەوەی ڕەگەزی پیاو بێت، هەرچەندە لە کۆمەڵگەدا قوربانییە گەورەکەش بێت. بۆیە لە ڕوانگەی ئەو چالاکی و ڕۆڵەی دەیگێڕێت، جێگەی گرنگیپێدانی کۆی کایە زانستی و مەعریفەییەکانی وەک (ژینگەناسی، کۆمەڵناسی، دەروونی) بووە بە ئەدەبیاتیشەوە.

بۆیە لەم سۆنگەییەوە (قوبادی جەلیزادە) وەک شاعیرێکی ئیکۆفێمینیزم درکی بە گرنگی ژن کردووە، لە چارەسەکردنی قەیرانە ژینگەییەکان و کێشە و ئاریشە مرۆییەکانی کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە پێیوایە کاینێکی وەک ژن بەو هەموو گرنگی و بایەخەی، کە لە ژیانی مرۆڤایەتی و ژینگەی سروشتیدا هەیەتی، ناکرێت لە ژێر پاساوی هیچ سیستەم و کولتورێکدا ڕۆڵ و پێگەی نادیدە بگیرێت. بۆ چەسپاندنی ئەم ڕوانگەیەش دەقە شیعرییەکانی ئارگۆمێنتی ئەم دیدەی شاعیر دەردەخەن. هەروەکو لەم دەقە دا دەڵێت:

**ئەگەر سەرکردەمان ژن و**
**ئاڵامان ڕەنگی ژن و**
**سرودمان دەنگی ژن بوایە،**
**بەیانیان پەپولە ڕۆژباشی لێ دەکردین.**
**نیوەڕۆیان باغ بە پیرمانەوە دەهات.**
**ئێوارانیش، لەگەڵ مانگدا،**
**پیاسە دەکات.** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٤٠٩).

بە سەرنجدان لەم دەقە دەبینین قوباد ڕۆڵ و پێگەی ژن بەرز دەنرخێنێت، بەچەشنێک بانگەشەی سیستەمێکی بەدیل بۆ سیستەمی پیاوسالاری دەکات. ئەویش سیستەمی ژن سالارییە، کە لە جەوهەری ئەم سیستەمدا ژینگەی سروشتی و مرۆڤ هاوئاهەنگ و دەستلەملانی یەکتر دەبن. لەدیدی ئەمی شاعیردا ژن، وەک چارەسەر و ئاڵقەی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤایەتی وێنا دەکرێت. بە مانایەکی دیکە ژن دەبێتەهەوێنی سەرەکی ئاشتبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا و کۆتایی هێنان بە وێرانکاری ژینگەیی لەلایەن مرۆڤەوە، ئەم دیدەی قوباد هەمان دید و بۆچوونی ڕابەرانی ئیکۆفێمینیزمە دەربارەی پەیوەندی و هاوئاهەنگی ژن و سروشت و ڕۆڵی ژن لە چارەسەکردنی قەیرانەکانی ژینگە و ئیکۆسیستەمدا.

یاخود دەڵێت:

**کاتێک ژن گۆرانی دەڵێ؛**

**دنیا دەبێ**

**بە قۆخێکی گەییو** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٨٣).

لەم دەقەشدا بەهەمان شێوە شاعیر، ژن وەک پنتی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و گەردوون پێشاندەدات. پێیوایە ئارامی و تەبایی مرۆڤایەتی لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا پەیوەستە بە بوونی ژنەوە، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لە تێکدانی ژینگە و سروشتی مرۆڤایەتی و دروستکردنی نائارامیدا هەبووە زیادتر پیاوان بوون، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەمی شاعیر پێیوایە چەتری ئارامی و ئاسایشی جیهان لە دەستی ژن دایە. بە جۆرێک ژن وەک عەسایەکی سیحری دەتوانێت جیهانی سروشتی و مرۆڤایەتی بە ئاشتی و هاوئاهەنگی کۆبکاتەوە. وا لە پیاو بکات دەستبەرداری غەریزەی شەڕانگێزییەکی بێت، بە سۆز و میهرەبانییەوە مامەڵە لەگەڵ سروشتی فیزیکیدا بکات.  یاخود لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت:

**ژنێک بەڕووتی،**

**چووە ناو کەرکووکی گڕەوە.**

**کوردو**

**عەرەب و**

**کلدۆئاشوورو**

**تورکمان،**

**بوون بە برا.**  (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٩٣).

لەم دەقەدا شاعیر لە کردەیی ئیرۆتیکیدا، چوونە ناوەوەی ژنێک بۆ ناو شارێکی پڕ لە ئاریشە و پێکهاتەی جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی بە جەستەییەکی ڕووتەوە، وەرچەرخانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دێنێتەبوون، کە بەدرێژایی مێژوو هێنانەدی ئەم ئاشتەوایی و برایەتییە گرێ کوێرەی گەورەی شارەکە بووە. هەرچەندە ئەم کردەیە، لە ڕووی ئایین و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە کردەییەکی ئەخلاقی نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوە شاعیر پێیوایە دەبێتەهەوێنی ئاشتی و برایەتی مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری لای خوێنەر و وەرگری دەقەکە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە، بۆچی شاعیر پەنای بۆ جەستەی ڕووتی ژن بردووە و بۆ ئاشتەوایی و تەبایی پێکهاتەکانی شارەکە بەکاریهێناوە، لەبری عەقڵ و ئاوەز؟ ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەمی قسەکەری دەقەکە، وەک کۆمەڵناسێکی شارەزا دەزانێت، ژن زۆرجار بۆتەهۆی کۆژانەوەی شەڕ و ئاژاوەی گەورە لەنێوان بنەماڵە و پێکهاتەکانی شارێک یاخود گوندێک بە پێدانی ژنێک یاخود زیادتر بەستەڵەکی نێوانیان تواوەتەوە و ئاشتەوایی وبرایەتی پەرپابووە. هەرچەندە قوربانی گەورەی ئەم جۆرە لە ئاشتی و برایەتییە ژن داویەتی، بەڵام لە جەوهەردا ئەوەی پیاوان نەیانتوانی بە چەک و کوشتن بەدی بهێنن، ژن توانیویەتی بە جەستەی خۆی ببێتەهەوێنی ئاشتەوایی و کوژانەوەی ئاگری شەڕ. لەلایەکی دیکەوە شاعیر باش دەزانێت ڕەگەزی پیاو، بەتایبەتی تاکی ئەم وڵاتە لە ڕێگەی غەریزەی سێکسییەوە، بە ئاسانی دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. بۆیە شاعیر لە ڕوانگەییەکی ئیرۆتیکییەوە، لە ڕێگەی جەستەی ڕووتی ژنێکەوە چارەسەری ڕیشەیی شارەکە دەدۆزێتەوە و جیاوازییە

مەزهەبی و نەتەوەییەکان یەکدەخات و برایەتی و تەبایی لەنێوانیاندا بڵاودەکاتەوە. کەواتە پێگە و ڕۆڵی ژن لە ڕوانگەی شاعیرەوە، پێگەیەکی گرنگە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانێت کاریگەری گەورە دروست بکات و ببێتەهەوێنی چارەسەری کێشە و ئاڵنگارییە قورسەکان لە ژیاری مرۆڤایەتیدا، کە پیاو لە ئاستییاندا دەستەوەستانە. بۆیە پاشخانی هزری شاعیر لەم دەقەدا پاشخانێکی ئیکۆفێمینیزمییە، کە دەیهەوێت توانا و هێزی سروشتی ژن بگەڕێنێتەوە، بۆئەوەی پێگە و ڕۆڵە ئەکتیڤەکەی لە ژیاری مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بکات.

### ٢-٣/ ململانێی ژن لەگەڵ نۆڕم و کولتوری پیاوسالاریدا:

ململانێ و بەرکەوتنی ژن و بزوتنەوە فێمینیزمەکان لەگەڵ نۆڕم و کولتوری پیاوسالاریدا ململانێیەکی ڕەگەزییە و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، خەباتی ژنان دژ بەم کولتورە، پرسێکی بەرچاو و بەردەوامە لە سەرانسەری جیهاندا، تەنیا تایبەت نییە بە زەمینە و وڵات و نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ململانێکی سەراپاگیرە و لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەگشتی ئامادەییەکی لەمێژینەی هەیە. بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی ژنان لە ئەوروپادا ئەم ململانێیە، گەیشتە لوتکە، چونکە هەموو هەوڵێکی ئەو بزوتنەوانە ئەوەبوو، کە ژنان لە ماف و ئەرک و کۆی کایەکانی دیکە بە پیاوان یەکسان بن. لەم پێناوەدا کارییان لەسەر کەمکردنەوەی هەیمەنەی باڵادەستی پیاو نۆڕمە کولتورییەکان لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایدا دەکرد، چونکە بەپێی پێدراوە مێژوویی و کولتورییەکان پیاو سەنتەری گرنگیپێدان و عەقڵ و بیرکردنەوە و دەسەڵات بووە. ئەمەش ڕەگێکی جەوهەری و سەرەکی لەو ڕوانگە دوالیزمییەدا هەبوو، کە لە ئەوروپادا باڵادەست بوو، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕوانگەی دوالیزمی "بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەری لەسەر هزری ڕۆژئاوا هەبوو، ژن لەگەڵ سروشت و پیاو لەگەڵ کولتوردا پەیوەست دەکرد" (پارساپور، ١٤٠٠: ٣٣). لێرەدا پێویستە بگوترێت، کە پیاوسالاری ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، کە پیاو تێیدا دەسەڵاتی ڕەهای بە دەستەوەیە، لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی داهات و ..هتد. ئەم سیستەمە دەتوانێت ببێتەهۆی جۆرەها جیاکاری و چەوساندنەوە و هێنانەکایەی کۆمەڵێک نۆڕم و بنەمای کولتوری بەرانبەر بە ژن.

هاوکات خەبات دژی کولتوری پیاوسالاری، شەڕکردنە بۆ یەکسانی جێندەری، کۆنەپەرستی، ڕوانگەی زاڵی جێندەری توانیویەتی دەرفەتەکانی ژنان سنووردار بکات و بەربەست لەبەردەم سەرکەوتن و بەدیهێنانی خواستەکانیان دروست بکات. ژنان لە بوارەکانی وەک پەروەردە، دامەزراندن، پۆستی سیاسی و چەندین بواری دیکەی کۆمەڵایەتیدا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و ئاستەنگ دەبنەوە. زۆرجار سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی جەستەیی و گێچەڵی سێکسی و کوشتن بەناوی شەڕەف و زۆر شتی دیکە لەخۆدەگرێت. ئەم جۆرە توندوتیژیانە ڕەگیان لە داینامیکی دەسەڵاتی ڕەگەزیدا چەسپاوە، زۆرجار لێکەوتەی جەستەی، سۆزداری و دەروونی توندییان بۆ ژن هەیە. هەرچەندە لە بەشێک لە وڵاتان، لە هەندێک بواردا پێشکەوتن هاتۆتە ئاراوە، ژنان توانیوییانە هەندێک لە مافە سەرەتاییەکانیان بەدەستبهێنن. بەڵام خەبات دژ بە نۆڕم و کولتوری پیاوسالاری هێشتا شەڕێکی بەردەوامە و لەسەر ئاستی هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا، پێویستی بە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ گۆڕینی ئەو هەڵوێست و بەها و سیستەمە کۆمەڵایەتییانەی، کە بە قوڵی چەسپاون و نایەکسانی جێندەری بەردەوام دەکەن. بۆیە ئەم ململانێ و بەریەککەوتنە کۆی بوارەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە، وەک بوارەکانی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی،...هتد). هەروەک پێویستی بە بەشداری و پشتیوانیکردنی هەردوو ڕەگەز بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەرانەتر بۆ هەمووان هەیە. خەباتی فێمینیزم دژ بەم کولتورە، دوای ئەوەی توانی بەپێی ڕەوتی مێژووی خۆی لەنێو بوار و کایە جیاوازەکانی زانست و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکاندا جێپێی خۆی قایم بکات، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە بواری ئەدەبیدا دروستکرد. بە جۆرێک لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی بزوتنەوەی فێمینیزمییەکان، چەمکی فێمینیزم و داکۆکیکردن لە مافی ژنان لەناو ئەدەبیاتدا دەرکەوت و زیادتر گەشەی کرد، کۆی ژانر و جۆرە ئەدەبییەکانی گرتەوە، بە دیاریکراوی "دەستپێکی ئەو ڕەوتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دیارترین دەرکەوتووی ئەم بوارەش (سیمۆن دی بۆڤوار)ە" (بەکر و حسین، ٢٠١٨: ٦٥٧) توانی بزوتنەوەی فێمینیزمی بەرەو وەرچەرخانێکی دیکە بەرێت، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، دەڵێت: "مرۆڤ بەژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکە دەبێت بە ژن" (بەکر و حسین، ٢٠١٨: ٦٥٧). لەم ڕوانگەیەوە بوونی ژن و ئەویدیکە بە پێی خواستی پیاو تەنیا لە جیهانی پیاوسالاریدا پێناسە دەکرێت و جیادەکرێتەوە. دوای ئەوە شاعیران چ ژنانی قەڵەم بەدەست و چ

ئەو نووسەرە پیاوانەی گرنگییان بە پێگە و ڕۆڵی ژن دەدا یەکێک لەو بابەتەی لە بواری ئەدەبیاتدا بایەخییان پێدا پرس و کێشەکانی ژن بوو، توانیویانە لەپاڵ خەباتی ژنان لە کایە و بوارەکانی دیکە، ئەدەبیات بکەنە سەنگەرێک بۆ داکۆکیکردن لە ماف و ئازادی ژن و بەدیهێنانی خواست و ئارەزووەکانیان، بۆیە ئەدەبیات ڕۆڵێکی گرنگی لە ناساندن و وروژاندنی پرس و خواستەکانی ژناندا هەبووە.

سەبارەت بە پرس و مافەکانی ژن لای "قوباد" دەبینین پرسەکانی پەیوەست بە دۆزی ژنان بەشێکی گەورەی جیهانی شیعری شاعیری داگیرکردووە. دەکرێت بگوترێت "قوباد" یەکێکە لەو شاعیرە پیاوانەی لەناو دنیای شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ڕۆڵێکی باشی لە داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی ژنان گێڕاوە، دژ بە سیستەمی پیاوسالاری و نۆرمە کولتورییەکان وەستاوەتەوە. زۆرجار لە شاعیرە ژنەکانی کورد ئازایانەتر پەنجەی لەسەر برینەکانی ژن و ژێدەری ئەو برینانەدا داناوە و هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ڕەخنەی سیستەمی پیاوسالاری و بەها کولتورییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی بکات، کە ڕەنگرێژی چەوسانەوەی ژن دەکەن و وەک مرۆڤێکی ئاسایی و هاوشان لەگەڵ پیاو لە ژن ناڕوانێت. پێیوایە ژن دەبێت خزمەتکاری پیاو بێت، نابێت داوای ئازادی و مافەکانی بکات. هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت:

**وتت:**

**با ئیتر نەچینەوە شار..**

**نەچینەوە بەر دەستی شمشێر.**

**نەچینەوە ناو زیندانەکانی عەشیرەت.**

**نەگەڕێینەوە ژێر خێوەتەکانی تاریکی.**

**(شاخ وتی؛**

**مەڕۆنەوە،**

**لە ئەشکەوتی دڵی مندا بنوون)**

**ئەی یار،**

**بەر لەوەی بگەڕێینەوە، بەر دەستی چەقۆ**

**لەخۆتدا بمکوژە**

**با نەمر بمر! (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٣٥٦- ٣٥٧)**

ئەم دەقەکە لەڕوانگەی ئیکۆفێمینیزمەوە پانۆرامای ململانێ و بەرخوودانی ژن لەگەڵ کولتوری پیاوسالاری و سیستەمی سەرمایەداری وێنا دەکات. بەمانایەکی دیکە مانیفێستی یاخیبوونی ژنە لەبارەی کۆی ئەو بنەما و نۆرمە کولتورییانەی کۆمەڵگە بەرێوەدەبن. بۆ ئەم مەبەستە شاعیر کۆمەڵێک دال و دەستەواژەی بەدوای یەکدا هێناون، لەوانە: (شار، زیندانەکانی عەشرەت و خێوەتەکانی تاریکی، شاخ و ئەشکەوت)، کە چەندین ئاماژە و مەدلول لەخۆدەگرن. کاتێک گوێمان لە دەستەواژەی (شار) دەبێت، کە دالێکە لە دەقەکەدا چەندین مانا و مەغزا هەڵدەگرێت. لەپێش هەموویانەوە ناچارت دەکات لە ڕوانگەی سەرمایەداری و سەرمایەدارییەوە قسەی لەسەر بکەیت، چونکە دەلالەتی شار لە ڕوانگەی کاپیتاڵیزمەوە، واتا دروستکردنی سیستەم و سیاسەتی ئابووری و کارگێڕی و...هتد، لەپێناو ئیدارەدانی کۆمەڵگەی شار. لەم نێوەندەدا کار بۆ دەرکەوتنی پیشەسازی و دامەزراندنی کارگە و ئابوری سەربەخۆ دەکرێت. بەجۆرێک شار زەمینەیەکە بۆ هاتنەئارای سەرمایەداری و پەرەپێدانی ئەم سیستەمە. لەپاڵیدا هۆکارێکە بۆ تێکدانی ئیکۆ سیستەم و چەوساندنەوەی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی، چونکە هاوتەریب لەگەڵ کولتوری پیاوسالاریدا، سیستەمی سەرمایەداری، ڕۆڵی سەرەکی لە وێرانکردنی ئیکۆسیستەم و هاتنەئارای قەیرانی ژینگەیی و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و چەوسانەوەی ژندا دەبینێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەمی شاعیر ڕەخنە لە زەمینەی شار دەگرێت، وەک زەمینەیەکی ئابووری و

کۆمەڵایەتی قۆرخکراو بە سیستەمی سەرمایەداری و کولتوری پیاوسالاری، کە کار لەسەر چەوسانەوە و پەراوێزخستنی ژن دەکات. هەروەها پێیوایە ئەم سیستەمە، وەک شمشێرێک وایە، کە تیخەکەی بە خوێن و گیانی مرۆڤ تیژ دەکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە دەستەواژەکانی (زیندانەکانی عەشرەت و خێوەتەکانی تاریکی) ئاماژەی ڕاستەوخۆن بۆ کولتوری پیاوسالاری و نۆڕم و سیستەمێکی خێڵەکی، کە تێیدا پیاو سەرئامەد و هەرەمی دەسەڵات و بڕیاردانە، کۆی پێکهاتەکانی دیکە لەنێو ئەو سیستەمە لە دەوری پیاو کۆدەبنەوە. ژنیش وەک یەکێک لە پێکهاتەکان ناو ئەم کولتورە، ڕۆڵێکی ناچالاکی هەیە، کاری خزمەتکردنی پیاوانی عەشرەت و مکیاژکردنی ئەم سیستەمەیە، کە پێکهاتەکانی پڕن لە نۆڕم و هێڵی سور و بڤە بۆ ژن، بە جۆرێک زیندانێکی گەورەیان بۆ ژن چێکردووە و ناکرێت لە ژێر هیچ پاساوێک ئەم هێڵە سورانەی عەشرەت ببەزێنێت، ئەگەرنا ڕووبەڕووی شمشێرەکانی مەرگ دەکرێتەوە، بۆیە ئەمی قسەکەری دەقەکە دەستەواژەی زیندان و خێوەتەکانی تاریکی بۆ سیستەم و کولتوری خێڵەکییە بەکاردەهێنێت، کە سیستەمێکە خواستی پاوانکاری و غەریزەی پیاو دروستی کردووە، ژن هیچ ڕۆڵ و ئەرکێکی تێدانییە، بێبەرییە لە مافە سەرەتاییەکانی وەک مرۆڤێکی ئاسایی. هاوکات دەستەواژەکانی (شاخ و ئەشکەوت) ڕاستە دوو دەستەواژن، کە ئاماژە بۆ دوو پێکهاتەی سروشت دەکەن. بەڵام لەم دەقەدا نوێنەرایەتی کۆی ژینگەی سروشتی دەکەن، وەک لانکەی حەوانەوەی مرۆڤ. ئەمی شاعیر لە ڕێگەی هونەری بەمرۆڤکردنەوە شاخ، وەک نمایندەی سروشت دێنێتەگۆ، گازی ژن دەکات و ئامێزی سۆز و میهری بۆ دەکاتەوە، بۆئەوەی بیپارێزێت لەدەست شمشێر و زیندانە تاریکەکانی کولتوری پیاوسالاری، لێرەوە شاعیر وەک کەسێکی ئیکۆفێمینیزم پێمان دەڵێت، کە سەرچاوەی ڕزگاری مرۆڤایەتی و ژن بەتایبەتی گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سروشت و ئاوێتەبوونییەتی لەگەڵیدا، ئەم دیدەی شاعیریش هاوڕێکە لەگەڵ دیدی ئیکۆفێمینیزمەکان، کاتێک پێیانوایە ژن و سروشت پێویستە پێکەوە پەیوەست بن، تا بتوانن ڕۆڵی باڵادەستی خۆیان لە جیهاندا بگێڕن و چەوسانەوەی ژن و وێرانکاری سروشتی کۆتایی پێبهێنن.

لە دەقێکی دیکە دا دەڵێت:

**بە منداڵی..**

**خوداو ژنیان لا ناشیرین کردین.**

**خودا شمشێرو**

**ژن عەورەت!** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ٢٥).

یاخود دەڵێت:

**بە بەرد هێلانەی فیمینیستەکان تێک دەدەن.**

**بە بەرد باوەش و بووکەشووشە دەتۆقێنن**

**بە بەرد شووشەی شەرەفی دوعاکان دەشکێنن.**

**ئێوە بەرد دەکەن بە دەستاڕو**

**مەمکی دوعاکانی پێدەهاڕن.**

**ئێوە بەرد دەکەن بە ئاون و**

**دڵی دوعاکانی پێ دەکوتن.** (جەلیزادە، ٢٠١٢: ١٢٣- ١٢٤).

لەم دوو کۆپلە شیعرەشدا ئەمی شاعیر ڕەخنە لەو نۆڕم و بەها کولتورییانەی کۆمەڵگە دەگرێت، کە ڕۆڵیان لە شێواندنی وێنەی ڕاستەقینە شتەکان و دوورکەوتنەوە لە پێدراوە سروشتییەکانیاندا هەیە. بۆ وێنە لە کۆپلەی یەکەمدا شاعیر ڕەخنە لەو ئایدۆلۆژیا و نۆڕمە کولتورییە دەگرێت، کە بەناوی ئایین و شەرەفەوە، بەشێک لە مەلاکان نوێنەرایەتی دەکەن و جێکەوتی قوڵیان لەسەر کولتوری پیاوسالاری و سیستەمی ژیاری مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستکردووە. چونکە بەشێک لە مەلاکان لە وتارەکانیاندا تەنیا کار لەسەر ترس و تۆقاندنی مرۆڤ دەکەن و سیفەتە تۆقێنەرەکانی خودای گەورە بە گوێی وەرگرەکانیاندا دەدەن، کە ئەمەش پاشخانێکی لای وەرگر دروستکردووە، کە خودای گەورە زیادتر تۆڵەئەستێنە و لەکەمیندایە بۆ بەندەکانی، بەجۆرێک هەردەم

شمشێرەکەی ئامادەیە بۆ سزدانی تاوانباران. بەڵام بێئاگان لەوەی کە خودای باڵادەست چەندین سیفەتی بەخشندەیی و میهرەبانی هەیە، سیفەتی (ڕەحمان و ڕەحیم...هتد) بەشێکن لەو سیفەتە جوانانەی، کە ڕۆژانەی چەندین جار وەرگرەکان بەکارییان دەهێنن و بەرکەوتنیان لەگەڵی دا هەیە. لەلایەکی دیکەوە ژن، بوونەوەرێکە لای هەندێک کەس بە ناوی ئایین و کولتوری پیاوسالاری، تەنیا وەک ئامرازێک بۆ خاڵی کردنەوەی غەریزە سێکسییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و تەنیا تیشک لەسەر عەورەتی ژنە، کۆی سیفەتە مرۆییەکانی لێداماڵراوە. بەمەش شکۆ و بەهای پیاو و بنەماڵە یەکسان دەکرێت بە عەورەتی ژن. بۆیە بەردەوام ژن، وەک کاینێیک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، کە مەترسییە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە و بنەماڵە و کولتوری پیاوسالاری. کە ئەمەش دواجار وایکردووە، ژن بەناوی ئایین و شەرەفەوە زۆرێک لە مافە سروشتییەکانی، وەک مرۆڤ لە دەست بدات و بەربەست و ئاڵنگاری زۆری بۆ دروست بکرێت، کە بە ئێستاشەوە پرسی عەورەتی ژن پرسێکی هەنووکەییە و لە کۆمەڵگەدا ڕۆژانە چەندین ژن بەناوی شەرەف و ئایینەوە دەکوژرێت. لەم ڕوانگەییەوە شاعیر لە کۆپلەی دووەمدا ڕوداوێکی تراژیدیمان بیردێنێتەوە، ئەویش ڕوداوی کوشتنی (دوعا)یە، کە کچێکی یەزیدی خەڵکی گوندی (بەحزان) لەناوچەی (شێخان) بوو، بەناوی ئایین و شەرەفەوە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی موسڵماندا هەبوو، لە ڕێککەوتی (٢٠٠٧/٤/٧)دا، لەلایەن کەسوکار و عەشیرەت و خەڵکی دەڤەرەکەوە و بە بەرچاوی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکەوە، لە تەمەنی (١٧)ساڵیدا بە دڕندەترین شێوە بەردبارانکرا و پاشان بە بلۆک کوژرا. دوعا تەنیا باجی سەرەتاییترین شتیدا، کە ئەویش عەشق و خۆشەویستییە، کە مافێکی زۆر سادەی مرۆڤە، لێرەدا شاعیر لە پاڵ گێڕانەوەی ئەم ڕوداوەدا، دوعا بە نوێنەری کۆی ژنانی کورد وێنا دەکات، کە باجی نۆرم و بەها کولتورییەکانی ناو کۆمەڵگە دەدەن، لە ژێر ناوی شەرەف و ئاییندا، ڕووبەڕووی غەزەبی کولتوری پیاوسالاری و پیاوانی عەشرەت دەبنەوە.

### ٤.٢/ پەیوەندی پیاوسالاری لەگەڵ ژن و سروشتدا:

پرسی پەیوەندی پیاو لەگەڵ ژن و سروشتدا پرسێکی نابەرانبەرییە، لەسەر بنەمای بەکارهێنان و سود و قازانج بیناکراوە. بۆیە کولتوری پیاوسالاری و دەسەڵاتی ڕەگەزی پیاو، لای ئیکۆفێمینیزمەکان بە بەرهەمهێنەری چەوسانەوەی ژن و قەیرانی ژینگە دادەنرێت. لەبەرئەوە ئەوان "جەخت لەسەر دەسەڵات و هەژموونی پیاوان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و سروشت دەکەنەوە و پێیانوایە بەهۆی ئەو چەسانەوە و ئازارە هاوبەشەی، کە هەیانە، ژنان دەتوانن تێگەیشتنێکی باشتریان دەربارەی ئەو زیانانە هەبێت، کە بەر ژینگە دەکەون، هەروەک (سیمۆن دی بۆڤۆر) لە کتێبی (ڕەگەزی دووەمدا) دەڵێت: "چالاکی پیاو" بۆ زاڵبوون بەسەر (هێزە ئاژاوەگێڕەکانی ژیان)دا هەم سروشت و هەم ژنی ژێردەستە کردووە. هاوکات پێیوایە: "ژنان لەڕێگەی ئەزموونی دوورودرێژەوە فێری ئەوەبوون، کە کۆمەڵگاکان بەها بۆ هیچ شتێک دانانێن، کە بتوانرێت بەبێ بەرانبەر بەکاریبهێنن، لەگەڵ سروشتیشدا هەمان شتیان کردووە. ژنان بۆ پاراستنی جەستەی خۆیان لە بەرانبەر هەر بەکارهێنانێکدا خەباتیان کردووە و بەڕاستی دەتوانن لە دەستدرێژی و بەکارهێنانی سروشت تێبگەن" (پارساپور، ١٤٠٠: ٤١- ٤٢). بەم پێیە ئیکۆفێمینیزمەکان پێیانوایە ژینگەی سروشتی، لای ژن گرنگی و بایەخی زیادترە، بە بەراورد بە پیاو، هەڵوێستیان بەرانبەر بە پرسە ژینگەییەکان و پاراستنی چالاک و ئەرێنیترە، چونکە "ئەوان باوەڕیانوایە، کە ژنان نەک تەنها بەهۆی ژن بوونیانەوە، بەڵکو بەهۆی ئەزموونەکانیانەوە زیادتر لە پیاوان لە بواری بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان و بەڕێوەبردنی پەیوەندیدار بە سامانەسروشتییەکانەوە بەرکەوتنیان هەیە، دەتوانرێت لە پەیوەست بە پاراستنی ژینگە ڕۆڵی سوودبەخشتر و بەهەمدارتر بگێڕن" (نیاقی، ١٣٩٨: ١٣٣٢). بۆیە بەپێی پاشخان و پێدراوی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ، ژن لەگەڵ سروشت و پیاو لەگەڵ کولتور کۆدەکرێنەوە.

پرسی چەوساندنەوەی ژن و سروشت بە درێژایی مێژوو پرسێکی دیار بەرچاوە و تا هەنووکەش بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە. ئەم چەوساندنەوەیە ڕەگ و ڕیشەی لەو کولتوری پیاوسالارییەدا هەیە، کە دەسەڵات و هەژموونی پیاو بەسەر ژن و جیهانی سروشتیدا فەرز دەکات و لە پێشینە دادەنێت. لە بابەت چەوسانەوەی ژن زۆرجار ستەمەکان خۆیان لە شێوەی نایەکسانی ڕەگەزی و هەڵاواردن و توندوتیژی و پەراوێزخستن دەبینێتەوە. ئەمەش دەتوانێت لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و چاودێری تەندروستی، دەرفەتە ئابوورییەکان و مووچەی نایەکسانەوە دەست پێبکات، تا دەگاتە توندوتیژی خێزانی، کوشتن بەناوی شەرەف، گێچەڵی سێکسی و ڕەتکردنەوەی مافی زاوزێ و منداڵبوون. بۆیە زۆرجار ژن لەم کولتوردا وەک ئۆبژێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە

پێویستە کۆنترۆڵ و چاودێری بکرێت، نەک وەک تاکی سەربەخۆ و خاوەن ماف ژیان بەسەربەرێت. هاوکات وێرانکردنی ژینگەی سروشتی لەو ئایدۆلۆژی و جیهانبینینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە جیهانی سروشتی بە جیا و کەمتر لە مرۆڤ سەیر دەکات و پێویستە سروشت بە هەموو پیکهاتەکانییەوە لە خزمەت خواست و ئامانجە سوودبەخشەکانی مرۆڤ بەگشتی و پیاو بەتایبەتی دابێت. ئەم دیدە چەقبەستووە بووەتەهۆی بەکارهێنانی چاوچنۆکانەی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ قازانجی ئابووری و سەرمایەداری، کە زۆرجار ئەو قازانجە لەسەر حیسابی ناهاوسەنگی ئیکۆسیستەمی گەردوون بەردەوامی دەبێت. چالاکییەکانی وەک: دارستان بڕین، پیسبوون، سووتاندنی لێڕەوارەکان، ڕاوەماسی، دەرهێنانی سووتەمەنی "غاز و نەوت"، ...هتد، بووەتەهۆی تێکچوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لە سەرانسەری جیهاندا، کە پاڵپشتی سەرەکی ئەم جۆرە وێرانکارییە لە نێو کولتوری پیاوسالاریدا، سیستەمی سەرمایەدارییە. هەردوو جۆر چەوساندنەوەکە بە قوڵی تێکەڵاون و خاڵی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، ئەویش لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی پلەبەندی لە دەسەڵات و زاڵبوون بەسەر ژن و سروشتەوە دێت، کە بە کەمتر و بێ بایەخ دادەنرێن، وەک ئامرازێک بۆ خزمەتی ئەم کولتورە سەیر دەکرێن، ئەم بیرکردنەوە ستەمکارییە هەڵوێست و ڕەفتارە زیانبەخشەکان بەردەوام دەکات، کە سەرچاوەکەی کولتوری پیاوسالارییە، ڕێگری لە یەکسانی ڕەگەزی و بەڕێوەبردنی ژینگەی دەکات.  ئەم زوڵمە دەرحەق بە ژن و سروشت، ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، پێویستی بە بەرخودان و خەباتێکی گەورە هەیە، کە لەسەر دەستی ئیکۆفێمینیزمەکان کڵپەی سەندووە و بەردەوامی هەیە، تاکو بتوانرێت کولتوری پیاوسالاری ئاڵنگاری بکات و یەکسانی ڕەگەزی و گەشەپێدانی ژینگەیی بەرەوپێش ببات. ئەم کردەیەش خۆی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بەرەوپێشبردنی پەروەردە و بەهێزکردن و بانگەشە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکرێت، هاندانی کردەوەی بە کۆمەڵ بۆ ئاڵنگاریکردنی ئەم سیستەمە ستەمکارە و دروستکردنی ئایندەیەکی یەکسان و دادپەروەر بۆ هەمووان. لەم پێناوەدا لەسەر ئاستی هەموو کایەکانی ژیان کار بۆ کەمکردنەوەی چەوسانەوەی ژن و لەناوبردنی ژینگەی سروشتی دەکرێت. لە ئێستادا هەوڵەکان لە سەرانسەری جیهاندا لە گەشەکردندان بۆ پێناسەکردنەوە و بەرپەچدانەوەی نۆرم و بەها کولتورییەکان، کە پەیوەندییە زیانبەخشەکان لەگەڵ ژن و سروشتدا بەردەوام دەکەن. لەم نێوەندە ڕۆڵی ئەدەبیات سەبارەت بەم پرسە ڕۆڵێکی کەم کاریگەر نییە، بەڵکو وەکو ئەوەی ئاوێنەی باڵانمای کۆمەڵگایە، ئەدەب هەڵوەستەی لەسەر پرسە مرۆیی و ژینگەییەکانی پەیوەست بە ژیاری مرۆڤایەتییەوە کردووە و دەکات. بۆیە شاعیر و نوسەران، وەک تاکێکی هۆشیاری نێو کۆمەڵ، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون و بەرگریان لە دۆزی مرۆڤ و ژینگەی سروشتی کردووە، ئەو ئایدۆلۆژی و کولتورە باڵادەستەیان خستۆتە بەرنەشتەری ڕەخنە و گازندەی واقیعی سەپاویان کردووە، کە ژن و سروشتی بەو ڕوژگارە گەیاندووە. لەم پێناوەدا پەنجەیان لەسەر برین و کەلێنە گەورەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی کۆمەڵگەکەیان داناوە و هەوڵی گۆڕینی ئەم باردۆخەیانداوە، بە ئامانجی کەمکردنەوە و لابردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ماف و خواستەکانی ژن و پاراستنی ژینگە لە لەناوچوونی زیادتر، هۆشیارکردنەوەی ڕایگشتی دەربارەی پرسی ژن و ژینگە و دوورکەوتنەوە لەو نۆڕمە کولتورییانەی، کە پیاوسالاری پەرەپێدەدەن و خوێن و ڕەنجی ژن و ژینگەی سروشتی دەستلێنەدراو بە ئامانج دەگرن. لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا بەتایبەتی ئەدەبیاتی هاوچەرخدا ئەم پرسە و ڕەخنەگرتن لە دیدی پیاوسالاری بەهۆی مۆنۆپۆڵکردنی ژن و سروشت بە قازانجی خۆی، شاعیرانی هێناوەتەگۆ، بەرهەڵستی ئەم ئایدۆلۆژیا سەرکوتکەرە بوونەتەوە و توانیویانە خەڵک لە ئاست وێرانکارییەکانی ژینگە و چەوسانەوەی ناڕەوای ژن ئاگادار بکەنەوە، بە ئامانجی کەمکردنەوە و دەست هەڵگرتن لە دیدی پاوانخوازی پیاو بەرانبەر بە ژن و سروشت.

"قوبادی جەلیزادە" وەک شاعیر و تاکێکی هۆشیار نێو کۆمەڵ، توانیویەتی کولتوری پیاوسالاری، کە ئامانجی زیادتر پاوانکردنی ژن و وێرانکردنی ژینگەی سروشتییە، ڕەخنە بکات، وەک فێمینیزمێکی ژینگەیی ڕۆڵی هەبێت لە ڕێگریکردن لەو زوڵمەی، کە دەربارەی ژن و سروشت لە گۆڕێدایە و بەردەوامی پێدەدرێت. بۆیە لە ڕێگەی کلاورۆژنەی شیعرەکانییەوە پرسی چەوسانەوە و کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ژنان بە نێوی کولتور و شەرەفەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەخنەی لێدەگرێت. لەلایەکی دیکەوە خراپ بەکارهێنانی سروشت و وێرانکارییەکانی ژینگە لە دەقەکانیدا، لە وێنەی بڕین دارستانەکان و سوتاندنی پیکهاتەکانی ژینگەی سروشت وەک "خەڵ وخەرمان، پشو و پاوان، ..هتد" بەرچاوە و واتادارە، ئۆباڵی کۆی نەهامەتییەکانی ژن و قەیرانەکانی ژینگە دەخەتەسەر

کولتوری پیاوسالاری، کە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، فەزڵی ڕەگەزی پیاو بەسەر پێکهاتەکانی سروشت و ڕەگەزی ژن لە پێشینە دادەنێت. هەروەکو لەم دەقەدا دەڵێت:

**لە وڵاتەکەی مندا:**

**بەنێو قەدی هەر درەختێکەوە، ژنێک.**

**بەسەر شانی هەر پیاوێکەوە، تەورێک** (جەلیزادە، ۲۰۱۲: ۲۷٦)

لەم دەقەدا، دەبینین دیدی شاعیر بۆ وێرانکاری ژینگە و چەسانەوەی ژن، هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری ئیکۆفێمینیزم، کە پێیوایە وێرانکاری و لەناوبردنی سروشت و پێکهاتەکانی بەرهەمی کولتوری پیاوسالارییە. بە جۆرێک ڕەگەزی باڵادەستی پیاو بەردەوام هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سروشت و ژن بە قازانجی خۆی دەدات و غەریزە شەڕەنگێزییەکانی بەرانبەر بە ژن و سروشت خاڵی دەکاتەوە، کاتێک لە ڕێگەی تەورێکەوە، کە دەکرێت میتافۆرێک بێت بۆ وێرانکردن و لەناوبردنی سروشت و چەوسانەوە و کوشتنی ژن. هاوکات لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەمی قسەکەری دەقەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (بەنێو قەدی هەر درختێکەوە، ژنێک) پێمان دەڵێت، کە ڕەگەزی ژن بە درێژایی مێژوو قەڵغان و شورا بووە بۆ پاراستنی درەخت و سروشت، بە شێوەیەک زۆرجار بەگیانی خۆی پارێزگاری لە سروشت کردووە. لێرەدا شاعیر ڕوداوێکی مێژووی بزوتنەوەی ژنان (چیپکۆ)مان بیر دێنێتەوە، کە لە وڵاتی هیندستان لە دژی بڕینی دارستانەکان باوەشیان بە درەختەکاندا دەکرد، کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم ڕوداوە بووتە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی ئیکۆفێمینیزم و ڕۆڵی کاریگەری لە هاتنەکایەی ئەم تیۆردا هەبووە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت بگوترێت ئەم دەقە دەرخەری قوڵایەکی مێژوویی و ڕوانینی دوورمەودای ژن لە بارەی سروشت نیشاندەدات، بەوەی ژن باشتر دەڕوانێتە سروشت و وەک سەرچاوەی بژێوی و بەرهەمهێنانی بەردەوام سەیری دەکات، نەک ئەو دیدە کاتی و کورتبڕەی ڕەگەزی پیاو، کە بۆ ماوەیەکی کاتی و پێویستییەکی هەنووکەی ئامادەیە ژینگەی سروشت وێران بکات. هاوکات دەکرێت ئەم دەستەواژەیە پێشنیاری نوێنەرایەتییەکی هێمادار بکات، بەوەی ژن سەنتەر یاخود جەوهەرە لە پەیکەری کۆمەڵگا و سروشتدا و تیشک دەخاتەسەر ئەو ڕۆڵە مێژووییەی، کە ژن لە پەروەردە و فێرکردندا یاخود پشتیوانیکردنی ژینگەی سروشتیدا هەیەتی. هاوکات لە دەقێکی دیکەدا شاعیر زیادتر درێژە بە ڕۆڵی چەوسێنەرانەی کولتوری پیاوسالاری لە هەمبەر ژن و سروشت دەدات. کاتێک دەڵێت:

**پیاو دەمبات؛**

**بۆ دزی.**

**بۆ شەڕ.**

**بۆ خەرمان سووتان.**

**بۆ لووت بڕینی ژن.** (جەلیزادە، ۲۰۱۲: ۳٤۰)

لەم دەقەشدا شاعیر جەخت لەسەر دەسەڵات و هەژموونی شەڕانگێزی پیاو و دەستدرێژیکردنە سەر ژن و سروشت دەکاتەوە، لە ڕێگەی ئاماژەدان بە کۆمەڵێک کردە یاخود ڕوداوی چەوسێنەر، کە پیاو بە بکەری سەرەکی ئەنجامدانیان دەزانێت، چونکە لەسەرەتایی دەقەکەوە دەستەواژەی "پیاو دەمبات"ی بەکارهێناوە، دواتر بە مەبەست کۆمەڵێک ئارگۆمێنت و بەڵگەی شەڕانگێزانەی پیاوسالاریمان بۆ دەهێنێتەوە، کە هەریەک لەمانە ڕووی نامرۆڤانەی پیاو دەربارەی ژن و سروشت نیشاندەدەن، بەبێ گوێدانە هیچ بەها و نۆڕمێکی مرۆیی و شارستانی، دەستی دەچێتە هەندێک کردە، کە لەگەڵ هیچ پێودانگێکی مۆراڵی نایەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوونە قوباد بە مەبەست دێت پەردە لەسەر ئەم ڕووە ناشیرینەی پیاو لادەدات. چونکە هەریەک لەم کردانە نوێنەرایەتی لایەنە شەڕانگێزییەکانی پیاو دەکەن، کە بەبێ باکانە دەیهەوێت هەژموونی دەسەڵات و شەڕانگێزی خۆی لەسەر ژن و سروشت تاقیبکاتەوە. بە جۆرێک شاعیر هەرچی خراپەکاری و ڕەفتاری دژە مرۆیی و سروشتی هەیە، دەیخاتە پاڵ ڕەگەزی نێر و بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ئیکۆسیستەم وێنای دەکات. کاتێک لە ژێر ناوی ڕەگەزی پیاو دزی و شەڕ و سوتاندنی سروشت و توندوتیژی و

ئازاردانی ژن بە ڕەوا دەزانێت. ئەمی قسەکەری دەقەکە لێرەدا بە تەواوی وابەستەیە بە ڕوانگەی ئیکۆفێمینیزمەوە، هەرچەندە کە خۆی لە ڕەگەزی پیاوە، بەڵام بە خوێندنەوەی مێژوو و کولتوری پیاوسالاری گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە بەشێک لەو کولتورەی، کە دەسەڵاتی بە پیاو داوە، لە جەوهەردا تەژییە لەمر کردە نامرۆیی و مۆڕاڵیانەی ژن و سروشت بە ئامانج دەگرن.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە بریتیین لە:

١- ئاوێتەبوونی ژن و سروشت لای قوباد، بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، ژیانی تایبەتی ژن لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی پتەو بە سروشتەوە گرێدراوە. بەجۆرێک لە ڕووی فۆڕمەوە سیفەت و خاڵە هاوبەشەکانی ژن و سروشت لەتەک یەک کۆ دەکاتەوە و هێما و مەغزای فەلسەفی، سیمۆلۆژی، کولتور و ئەفسانەییان پێدەدات. هەر بەوە نەوەستاوە بەڵکو لە هاوتاکردنی ژن و سروشتدا، زۆر قووڵ ڕۆیشتووە، وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنان و دابینکردنی بژێوی ژیانی مرۆڤایەتی پێکیان دەبەستێتەوە، لەمر ڕووەوە ژن و سروشت هاوتایی یەکتر دەبینێت و وەک سەرچاوەی گەشەپێدانی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی وێنایان دەکات.

٢- لای شاعیر ڕۆڵ و پێگەی ژن لە چارەسەرکردنی قەیرانە ژینگەیی و مرۆییەکان ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەرە، پێیوایە ژن بەو سیحرەی هەیەتی توانای چارەسەرکردنی ئاریشە و کێشە قورسەکانی کۆمەڵگەی هەیە، کە مرۆڤایەتی و پیاو تێیدا دەستەوەستانە، جا کێشە ژینگەییەکان بن یاخود مرۆییەکان، بۆیە ژن وەک پنتی چارەسەر لە دەقەکانیدا وێنا دەکرێت.

٣- قوباد جەلیزادە پرسی ململانێی ژن لەگەڵ کولتوری پیاوسالاریدا، لە شیعرەکانیدا زەق کردۆتەوە و ڕۆڵێکی باشی لە داکۆکیکردن لە ماف و خواستەکانی ژندا گێڕاوە، دژ بە سیستەمی پیاوسالاری و نۆڕمە کولتورییەکان وەستاوەتەوە، ئازایانە پەنجەی لەسەر برینەکانی کۆمەڵگە لە پەیوەست بە پرسی ژن داناوە و ژێدەری برین و چەوساندنەوەکانی ژن دەستنیشانکردووە. هاوکات ڕەخنەی سیستەمی پیاوسالاری و بەها کولتورییەکانی کۆمەڵگە دەکات، کە ژنی بە ئامانج گرتووە، ناهێڵێت ماف و ئازادییەکانی بەرجەستە بکات.

٤- دیدی شاعیر لەبارەی پەیوەندی پیاوسالاری لەگەڵ ژن و سروشتدا، هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕوانگەی تیۆری ئیکۆفێمینیزمر، پێیوایە چەوسانەوەی ژن و وێرانکاری سروشت و پێکهاتەکانی بەرهەمی ئەمر کولتورەیە. بۆیە ئۆباڵی کۆی نەهامەتییەکانی ژن و قەیرانەکانی ژینگە دەخاتە ئەستۆی ئەمر کولتورە و ڕەگەزی باڵادەستی پیاو، کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات، گەورەی ڕەگەزی پیاو بەسەر پێکهاتەکانی سروشت و ژن لە پێشینە دادەنێت. ئەمر تیۆرە هاوتەریب خزمەت بە ژن و سروشت دەکات و لێکیان جیانەکاتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


- قورئانی پیرۆز

**١/ بە زمانی کوردی:**

**ـ کتێب:**

- جەلیزادە، قوباد (٢٠١٢) دیوانی باخچەکانی مەلەکە تاووس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- فتاح، ڕێبین (٢٠٢١) ئیکۆفێمێنیزمر، کتێبی ژنەفتن، چاپی یەکەمر، ئەلیکترۆنی، هەولێر.
- حەسەن، محەمەد فەریق (2022)، تایبەتمەندیی تاکی کورد، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چا. تاران، چ2، سلێمانی.
- ئەحمەد، کەمال مەزهەر (١٩٨١) ئافرەت لە مێژوودا (کورتەباسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی)، چاپی یەکەمر، چاپخانەی الحوادث، بغداد.
- هەژار (١٣٧٩) تەفسیری قورئانی پیرۆز، نشر احسان.

**ـ گۆڤار:**

- بەکر، هیمداد حوسێن و حسین، گوڵباخ (٢٠١٨) ئەزموونی شیعری فیمینیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠- ٢٠١٤)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین- ساڵی پێنجەمر، ژمارە (١٥) کانونی یەکەمر.

**٢/ بە زمانی عەرەبی:**

**ـ ئینتەرنێت:**

- وارين، كارين، مدخل إلى النسوية الإيكولوجية، ترجمة: معين رومية، الربط:
http://maaber.50megs.com/issue_november09/deep_ecology1.htm یێکەوتی (٨/٥/ ٢٠٢٣).

**٢/ به زمانی فارسی:**

**ـ گۆڤار:**

- پارساپور، زهرا و دیگران (١٣٩٦) خوانش اکوفمینیستی رمان اندوه جنگ با تکیه بر رابطه فرهنگی و نمادین، پژوهش نامه زنان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی ویژنامه فرهنگ، ادب و هنر.

- پارساپور، زهرا (١٣٩٧) نقد اکوفمينيستي داستان "آبی ها"، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال ١٥، شماره ٦٢، زمستان.

- پارساپور، زهرا (١٤٠٠) خوانش اکوفمینیستی داستـان "زنـان بـدون مـردان" نشرية علمی جستارهای نوین ادبی، سال پنجاه و چهارم، شماره چهارم، زمستان.

- عنایت، حلیمه و فتح زاده، حیدر (١٣٨٨) رویکردی نظری به مفهوم اکوفمینیسم، مطالعات جامعه شناسی، سال دوم، شماره پنجم، زمستان.

- رحمانی، بیژن و مجیدی، بتول (١٣٨٨) عوامل مؤثر بر مشارکت زنان در حفظ محیط زیست شهري با تاكيد برنگرش اکوفمینیستی، فصلنامه جغرافیایی آمایش، شماره 6.

- جواری، محمد حسین (١٣٩٧) نقد محیط زیستی در حوزه ادبیات با رویکرد تطبیقی، فصلنامه عیلمی- پژوهش های ادبیات تطبیقی، دوره ٦، شماره ٢، تابستان.

- خوشمردان، زهرا اسماعیلی و مزاری، نگار (١٤٠٠) بررسی گفتمان اکوفمینیسم در رمان رهش نوشته رضا امیرخانی براساس الگوی تحلیل گفتمانی فرکلاف، نقد و نظریه ادبی/ سال6 ، دوره 2، پیاپی22، پاییز و زمستان.

- انصاری، شهره (١٣٩٢) زنان و محیط زیست: از اسطورههاي ديروز تا گام هاي امروز "تشکل هاي مردم نهاد، فعالان مستقل، وبسایت ها و وبلاگ ها، همایش ها"، پژوهشنامه زنان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی سال چهارم، شماره دوم، پاییز و زمستان.

- نیاقی، اومید (١٣٩٨) نقش زنان و توانمندسازی آنان در توسعه پایدار زیست محیطی، مطالعات علوم محیط زیست، دوره 4، شماره 2، فصل تابستان.

**ـ ئینتەرنێت:**

- ابراهیمی زاده، فرناز و دیگران (١٣٩٩) نقش زنان در حفظ محیط زیست توسعه پایدار، در دسترس:

https://www.isna.ir/news/99011306505/%D9%86%D9%82%D8%B4-%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%86-%D8%AF%D8%B1-%D8%AD%D9%81%D8%B8-%D9%85%D8%AD%DB%8C%D8%B7-%D8%B2%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D9%88-%D8%AA%D9%88%D8%B3%D8%B9%D9%87-%D9%BE%D8%A7%DB%8C%D8%AF%D8%A7%D8%B1

ڕێککەوتی (٢١/ ٩/ ٢٠٢٣).

- سهراب زاده، هاله (١٣٨٣) زنان، حفظ محیط زیست و منابع طبیعی، مجله پیام زن، شماره 156، در دسترس:

https://hawzah.net/fa/Magazine/View/3992/9410/112902/%D8%B2%D9%86%D8%A7%D9%86%D8%8C-%D8%AD%D9%81%D8%B8-%D9%85%D8%AD%DB%8C%D8%B7-%D8%B2%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D9%88-%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%A8%D8%B9-%D8%B7%D8%A8%DB%8C%D8%B9%DB%8C

ڕێککەوتی (٢١/ ٩/ ٢٠٢٣).

**٣/ بەزمانی ئینگلیزی:**

**ـ کتێب**

- Davies, Katherine (1998) Women & Environments Vol. 10. No. 3 Spring.

- Mies, Maria & Shiva, Vandana (1993) Ecofeminism, published by Zed Books Ltd, London & New York.

- Gaard, Greta. (1993) Ecofeminism; Women, Animals, Nature; Philadelphia: Temple University Press.

- Lorentzen, Lois Ann & Eaton, Heather (2002) Ecofeminism: An Overview, University of San Francisco, Saint Paul University.

- Plum wood, Val (1991) Nature, Self, and Gender: Feminism, Environmental Philosophy, and the Critique of Rationalism, appeared in Hyptio, VI. No. 1 Spring.

- Warren, Karen J. (2000) Ecofeminist Philosophy; A Western Perspective on What It Is and Why It Matters, Roman & Littlefield Publishers, Inc, Maryland, USA.

- Mies, Maria, (1986) Patriarchy and Accumulation on a World Scale (Women in the International Division of Labour), Zed Books Ltd, New Jersey, USA.

- Allister, Mark (2004) Eco-man: New Perspectives on Masculinity and Nature, university of Virginia press, USA.

**ـ گۆڤار:**

- Opperman, Serpil (2013) Feminist Ecocriticism, A post humanist Direction in Ecocritical Trajectory In:) International Perspectives in Feminist Ecocriticism. Edited by Gaard, Greta. Estok, Simon c. Opperman, Serpil. London: Routledge:19-36.

- Suresh, Midhuna & P S, Sreejitha (2021) Green Shades of Femineity: An Ecofeministic Study of Selected Poems of Sugathakumari and Kamala Das, Smart Moves Journal Ijellh, Vol. 9, Issue 1, January.

- Abdel Aziz, Asmaa Ayoub (2021) "Is Ecofeminism a Curse or a Bliss? A Critical Study" Arab Journal for Scientific Publishing (AJSP), Thirty-fourth issue.

- Warren, Kareen (1987) 'Feminism and Ecology: Making Connections', Environmental Ethics, Volume 9, Issue 1.

**- ئینتەرنێت:**

- potter, Michelle (2017) the etymology of feminism, Published in Media Theory and Criticism available at: https://medium.com/media-theory-and-criticism-2017/the-etymology-of-feminism-4ca 3caec9ad0
ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٨/١١)
- Biehl, Janet (1988) What is Social Ecofeminism? Available at:
https://social-ecology.org/wp/wp-content/uploads/2014/08/GP-11.pdf
ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٨/١٦)
- Woman and life on Earth (2018), what is ecofeminism? Available at:
http://www.wloe.org/what-is-ecofeminism.76.0.html#:~:text=The%20meltdown%20at%20Three%20Mile,in%20March%201980%2C%20at%20Amherst.
ڕێککەوتی (٢٠٢٣/٨/١٩).

**النسوية البيئية في نصوص الشاعر "قباد جليزادة" الشعرية ديوان "حدائق الملكة طاووس" أنموذجا**

**ابراهيم محمد ابراهيم**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساسية، جامعة رابرين- رانية- إقليم كردستان -العراق.
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd

**بارزان علي پيرۆت**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساسية، جامعة رابرين- رانية- إقليم كردستان -العراق.
barzan.pirot@uor.edu.krd

**الملخص**

دراسة جرت بعنوان (النسوية البيئية في نصوص الشاعر "قباد جليزادة" الشعرية ديوان "حدائق الملكة طاووس" أنموذجا). هذه النظرية تبحث عن العلائق المشتركة والتناسق بين المرأة والطبيعة وتهدف إلى الحفاظ على الطبيعة وإنهاء اضطهاد المرأة. و ترى أن ثقافة الرجولة هي السبب الرئيسي وراء الظلم الموجه إلى المرأة وتدمير البيئة الطبيعة. أما الدراسة فهدفت إلى إظهار المنظور والآراء النسوية البيئية للشاعر التي عرضها في متون هذا الديوان عن اضطهاد المرأة ونبذ الطبيعة. والمنهج المتبع في الدراسة: هي نظرية النسوية البيئية، واستفاد الباحث في تحليل نصوص الشاعر من مصطلحات ومنظور هذا المنهج. وتوصلت الدراسة إلى نتائج، منها: ان الاندماج بين شخصية المرأة والبيئة الطبيعية في نصوص الديوان تظهر بكل وضوح، من حيث الهيئة والبنية المعنوية المشتركة لكليهما، و انهما منبعا الحياة واستمرار البشرية. هذا من جانب ومن جانب آخر توصلت الدراسة إلى أن الشاعر يرى من المرأة الحل الامثل للمشاكل البيئية والانسانية. ثم إن مسألة صراع المرأة مع الثقافة الرجولية المترسخة واضح وضوح الشمس وان الشاعر منحاز إلى طرف المرأة ويدافع عن قضيتها. اخيرا وليس آخرا لا يقف الشاعر عن هذا الحد بل توصلت الدراسة إلى أنه يرى من طبيعة علاقة الثقافة الذكورية مع المرأة والطبيعة هي السبب وراء جميع الويلات والمشاكل.

**الكلمات المفتاحية:** النسوية، إيكولوجية، الثقافة الذكورية، أشعار قباد جليزادة.

**Ecofeminism in the Poetic Texts of Qubadi Jalizadeh: The Collection of Baxchakany Malaka Taws**

**Ibrahim Mohammed Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region Iraq.
**ibrahim.mohammed@uor.edu.krd**

**Barzan Ali Pirot**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin-Ranya Kurdistan Region Iraq.
**barzan.pirot@uor.edu.krd**

**Abstract**

This research is entitled "Ecofeminism in the Poetic Texts of Qubadi Jalizadeh: The Collection of Baxchakany Malaka Taws." Ecofeminism is about the relationship and harmony between women and nature and aims to protect the environment and end the oppression of women. It believes that patriarchal culture is the main cause of women's oppression and destruction of the natural environment. This study aims to reveal Jalizadeh's ecofeminist views about the issue of women's oppression and the destruction of nature in the above-mentioned collection. The research method is ecofeminist criticism theory, in which we have used the concepts and insights of this theory to analyze the texts.

The results of the study show that the blend of women and nature is felt, both in terms of their common characteristics, as the source of production and livelihood for humanity. Jalizadeh perceives women as the solution to the environmental and human crises. The issue of women's struggle with patriarchal culture is prominent, and he defends women's rights. He portrays the type of masculine relationship with women and nature as the main cause of their suffering.

**Keywords:** Ecofeminism, Feminism, Ecology, Patriarchal Culture, Poems by Qubadi Jalizadeh.

**پەراوێزەکان:**

[i]. فرانسوا دی ئۆبۆن - Françoise d'Eaubonne: نووسەرێکی فەرەنسی، چالاکوانی مافی کرێکاری، ژینگەپارێز و فێمینیست بووە لە ڕێککەوتی ١٢ی ئازاری ١٩٢٠ لەشاری (پاریس) پایتەختی وڵاتی فەرەنسا لە دایکبووە. ڕۆڵێکی کارایی لە بزوتنەوە و ڕێکخراوە فێمینیزمەییەکان هەبووە، خاوەنی چەندین کتێبە، بەناوبانگترین کتێبی بریتییە لە (فێمینیزم یان مەرگ) کە لە ساڵی (١٩٧٤) نوسیویەتی، پاشان لە ڕێککەوتی (٣ی ئابی ٢٠٠٥) کۆچی دوایی کردووە و لە پاریس نێژراوە.

ii. کاراین وارین- Karen J. Warren: نوسەر و فێمینیزمێکی ئەمریکییە لە ڕێککەوتی (١٠ی ئەیلوولی ١٩٤٧) لە دایکبووە وارن لە بوارەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئەخلاقی ژینگەیی و ئیکۆفێمینیزمدا بە شێوەیەکی بەرفراوان نووسیویەتی. لە ڕێککەوتی ( ٢١ی ئابی ٢٠٢٠) کۆچی دوایی کردووە.